دۆسیەی ژمارە: ١٤/٧/٢٠٠٠ هێرشی یەکێتی بۆ سەر کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی

دیمانە لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف، تاهیر حەسەن، نازەنین ساڵح، شێرزاد فاتیح ... لە لاپەرەکانی -11-12-13-14دەخوێننەوە


# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی سێهەم، ژمارە (56) 15/7/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


# کابینەی نوێ درێژەپێدەری کابینەکانی پێش خۆیەتی و ناتوانێ چاکسازی بکات!

## وتەی ژمارە

سەرئەنجام کابینەی نۆهەمی حکومەتی!! هەرێمی کوردستان دوای زیاتر لە ٩ مانگ پێکهات. چ لە کارنامە ئینشاییەکی سەرۆکی کابینەی نوێ، پێداگری لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی کراو، چ دەزگا ڕاگەیاندنەکان و کادر و بەرپرسانی حزبەکان و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و قەڵەم پێدراو وەکو ماشێنێکی ئاراستەکراو باس لە چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکەن. پەتای باسی چاکسازی و ئومێد بەستن بەوەی چاکسازی دەست پێدەکات و وەستانەوە بەرووی گەندەڵیدا مەیدانێکی گرنگی کاری حکومەت و کابینەی نوێیە، پانتایەکی گەورەی میدیایی تەنیووە.

باسی چاکسازی" یەک ڕیزی نیشتیمانی!!" پێکهێناوە. بۆتە دەستپێکی هەڵدانی چەترێک بۆ کۆکردنەوەی زوربەی لایەنە سیاسیەکانی بەشدار لە کابینەی نوێ و ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی حکومەت و دەرەوەی حکومەتی تازە.

دیارە ئەو هەموو باس و خواستە لەسەر پرسی گەندەڵی و ڕاچەنین بۆ دەستدانە چاکسازی، نیشانەی ئەوەیە گەندەڵی و لەڕاستیدا دزی و تاڵانی هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و گشت سێکتەرەکانی وەکو پەروەردو فێرکردن، تەندروستی، گەیاندن و گواستنەوە، میدیا و کاری ڕۆژنامەگەری، خزمەتگوزارییەکان، بازار، نەوت و غاز، زەوی وزار، دامەزراندن، بازرگانی، پیشەسازی، خاڵە سنورییەکان، کومرگ، کاری بەڵێندەرایەتی، کایەی سیاسی و حزبایەتی... گرتۆتەوەو بوارێک نەماوە دزی و تاڵانی و گەندەڵی وەکو زەروو نەچووبێتە گیانی.

هەموو ئەو دزی و تاڵانی و گەندەڵیەش... لەهەموو بوارەکاندا، لەلایەن بەرپرسە دەسەڵات بەدەست و... بۆ لاپەڕە ٢

## لە نۆزدەهەمین ساڵیادی پۆلێک ئینسانی کۆمۆنیستدا... کە بەدەستی بەڵتەجیەکانی یەکێتی نیشتیمانی و بە بڕیاری باوکی هەژاران!!" نەوشیروان مستەفا"، ژیانیان لێ سەندرایەوە...




١٤/٧/٢٠٠٠پۆلێک ئینسانی کۆمۆنیست و ئینسان دۆست، لەلایەن هێزە چەکدارە ڕاسپێردراوەکانی یەکێتی نیشتمانیەوە، بەرۆژی روناک و لەناوشاری سلێمانیدا، بە پێی بەرنامەیەکی پێشتر نەخشە بۆ کێشراو، گولله باران کران. ئەم پۆلە ئینسانە کۆمۆنیستە رێگەیان پێنەدرا، دوا نیگای ماڵئاواییان ئاراستەی ئازیزانیان، بکەن. چونکە بەعس ئاسا لەتاریکی شەودا، ژێر خاک خران و پرسە بۆ دانانیان، یاساغ کرا.
بەرزو بەرێز بێت یادی خەباتکارانەتان.

## عوسمانی حاجی مارف: تۆمەتبارانی کەیسی ١٤/٧/٢٠٠٠ چوونە بەردەم دادگا... ل11

## تاهیر حەسەن: ١٤/٧ بۆیە ڕوویدا تابتوانن ئەمرۆ بخوڵقێنن!ل12

## نازەنین ساڵح: داخستنی سەنتەر و ڕێکخراو ژنانی لە پشتیوانیەکی گەورە بێبەش کردا! ل13

## شێرزاد فاتیح: سەنتەری منداڵان، پشت و پەناو جێ ئومێد بوو بۆ مناڵان!...ل14

## بەڵگەنامەی نۆکەر پیشەیی ل١١

مەنسور حیکمەت: هێرشی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر حزبی ئێمە لە عێراق لە هێرشنەکردنی ئێمە بۆ سەر یەکێتیەوە سەرچاوەی گرت...ل10

دارمانی کەرتی پەروەردە بە ئامار...ل2

لە زمانی خۆیانەوە سوکایەتی بەژنان بیستن!...ل3

سەرمایەداری، بازرگانی سێکس ل4

چارەسەری قەیرانەکان خۆبەڕێوەبەری شوورایی یە...ل5

پرسی ژن



ل 6

گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل7

هەواڵی نارەزایەتیە کرێکاری و جەماوەرییەکان...ل8

دیمانەی هاوپشتی لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە لەباردبردنی مناڵ...ل9

## وتەی ژمارە

دەستڕۆشتوەکانی حزب و بنەماڵە لە هەرەمی هەرە باڵای دەسەڵاتی سیاسیدا، دەستی پێکردووە و پاشان شۆربۆتەوە بۆ خوارتر بەرپرسەکانی تر و حزبەکانی تری ناو ماڵی" کوردی" و لەوێشەوە پەڕیوەتەوە ناو کایەکانی تر ناو ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیداری و...تاد.

ئەو هەموو دزی و تاڵانییە ئاشکرایەو تەنانەت بەنەخشەو سیستماتیکە، لە زۆر سێکتەردا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی و خێڵێک لە میدیاو نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ڕاسپێردراو بە گەندەڵی ناو دەبەن، ئامانجیش لەوەی کە ناوی ئەو دزییە بنین گەندەڵی و ناشەفایەت، لەلایەکەوە بۆ ئەوەیە تا ئاستی ئەم فەرهود و دزییە بهێنە ئاستێکی نزم و خوارەوە و بڵێن گەندەڵی لەهەموو دنیادا هەیە، تا ڕادەی ئەو دزی و تاڵانییە ئاشکرایەی هەرێم بەگەندەڵی وڵاتانی تر بچوێنن. لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەیە، شانی خۆیان لەو تاوانی ئەم دزییە خاڵی بکەنەوە و بە دەست پیاهێنانێکی روکەش خۆیان لە تورەیی و نەفرەتی جەماوەری دوربخەنەوە.

دەسەڵاتی سیاسی لەهەریم" لەهەردوو زونەکە" و ئۆپۆزیسیۆنی پێشو و ئێستای دەسەڵاتیش، ئەو ڕاستیە باش دەزانن، کە هۆکاریکی سەرەکی تورەیی و نەفرەتی جەماوەری و خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لەسەر ئاستی شەقام و هۆکارێکی سەرەکی بایکۆتی جەماوەری لە کایەی یاسایی!! و هەڵبژاردنەکاندا!! ... دزی و تاڵانی و ئەو نابەرابەرییە ئابوریی و کۆمەڵایەتیە بوو کە دایان سەپاندووە. تاڵانی و دزی بەیاسایکراو" وەکو موچەی چەند ملیۆنی و ئیمتیازی ملیۆنی بۆ ئەندام پەرلەمان و وەزیر و بەرێوەبەرەگشتییەکان و ئۆردویەک لە خانەنشینانیان و ژمارەی خەیالی موچەخۆری بن دیوار" و زۆری هێز" وەکو دەست بەسەر زەوی داگرتن و داگیرکردنی موڵکی گشتی، دزینی نەوت، کۆنترۆڵی بازارو بازرگانی و بەڵیندەرایەتی و سەرانە سەندن و قاچاخچێتی کردن...لەلایەن بەرپرسانی باڵای حزبی و بنەماڵەی دەستڕۆشتوودا، ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە خولقاندنیدا.

دزی و تاڵانی بە یاساییکراو و دزی و تاڵانی لەڕیگای زۆری هێزو پێگەی دەسەڵاتەوە، لەلایەکەوە کەمایەتیەکی حزبی کردووە بە سەرمایەدار و سەرمایەداری هەڵتۆقیوو، لەبەرامبەریشدا زوربەی زۆری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و کارمەند و موچەخۆرانی ڕووبەڕووی ژیانی مەمرەو مەژی کردۆتەوە. هاوکات کۆمەڵگەشی بەرەو داروخانی تەواوەتی بردووە، خزمەتگوزارییەکانی وێران کردووە، کەرتی پەروەردەو تەندروستی داڕماندووە،....تاد.

هێنانە گۆڕی باسی چاکسازی لەم خولەی نوێی پەرلەمان و کابینەی نوێدا بەو چڕییەی وەرێیان خستووە، هەوڵێکی بەنەخشەیە تا لەرێگای ئەنجامدانی هەندێک هەنگاوی رووکەش و ناچیز و ئاست نزمدا، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خامۆش بکەنەوەو سواری شەپۆلی رەوای ئوردوی ملیۆنی بێبەشانی کۆمەڵگە بن. بەتایبەتیش کە ئەمجارە ئۆپۆزیسیۆنی بۆروژازی لەدەرەوەی دەسەڵات ئامادەیی نەماوە تا بتوانێت هەڵسانی جەماوەری کۆنترۆڵ بکات... ئەگەر و ترسی تەقینەوەی تورەیی جەماوەری لەهەر ئان و ساتێکدا مۆتەکەی سەر دەسەڵات و کابینەی نوێی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیە لە زۆنەکاندا.

ئەوەی کەدەبێت ڕۆشن بێت، ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە ناتوانێت چاکسازی بەرچاو بکات و دەست ببات بۆ کورتکردنەوەی دەسەڵاتی بەرپرسە باڵا حزبی و حکومیەکان، چ لە ئاستی دزی بەیاسایکروادا ناتوانێت" موچەی ئەندام پەرلەمانەکان، بەڕیوەبەرەگشتیەکان، وەزیرەکان، فەرماندە سەربازییەکان لە سلکی پێشمەرگە و ئاسایش ئۆردی بن دیوارە خانەنشینەکان بە پلەی باڵا و...تاد" بهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی موچەیەکی تارادەیەک نۆرماڵ... بۆنموونە دوو بەرابەر و سێ بەرابەری موچەی کرێکاران و کارمەندان....

هەروەها ناتوانێت دزی لەرێگای زۆر و دەسەڵات و پێگەی حزبییەوە، دەستکاری بکات. دەستبەسەراگرتنی سەدان و هەزاران دۆنم و هیکتار لە زەوی موڵکی گشتی و لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە و بزوتنەوەی گۆڕان و حزبەکانی ترەوە دەستی بەسەردا گیراوە... و تەلبەند کراوە، کراوە بە کۆشکی نیشتەجێ بوونی سەرانیان، کراوە بە سەربازگەی بەرگری لەدەسەڵاتیان، کراوە بە بارەگای حزبی و پێگەی کەناڵە میدیاییە پوچەکانیان. بە دانپیانانی خۆیان زەوی نەماوە بۆ دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و پارک و ... هەمووی بەخاوەنکراوە و حکومەت!! دەبێ زەوی بکرێت... خاوەنی ئەو زەویانەش بەپرسانی باڵای حزب و بنەماڵەن. بازاریان قۆرغ کردووە، بازرگانیان پاوان کردووە، کێڵگە نەوتیەکانیان دەستبەسەردا گرتووە، بەزۆری هیز باج و سەردانە دەسەنن و هەرچی قاچاخچێتییە لەدەستی خۆیاندایە. دەمیان ژەنیوەتە هەموو سلکەکانی پەروەردەو تەندروستی و بیناسازی و کۆمپانیاکانی گەیاند و گواستنەوە و تۆرەکانی ئەنتەرنێت و میدیایی...تاد

ئەوانەی داهاتی کوردستان دەدۆشن، دەستیان بەسەر جومگەکانی داهاتی کۆمەڵگەدا گرتووە، گەورەترن لەدەسەڵاتی حکومەت، دەستڕۆشتوترن لە یاساکانی پەرلەمان!!" ئەگەر یاسایەکیان هەبێت".

دەستبردن بۆ چاکسازی بەجەستە، پەنابردن بۆ گێرانەوەی موڵکی گشتی، دەرهێنانی سەرچاوەکانی داهات لەدەست بەرپرسان، ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی!! ئەگەر "یاسا" هەبێت، دەست بەسەر سامانەکانیادا" نەقدی و غەیرە نەقدییاندا دەگریت، و بەمانای روخاندنی دەسەڵات دیت... ئەم دەسەڵاتە چاکسازی هەڵناگرێت.

ئەگەر نیاز پاکەکانیش بیانەوێت، چاکسازی بکەن، دەسەڵات دەستیان دەگیرێت و دەبڕێت... مانەوەی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیایی پشتی بە کۆنترۆڵی داهات و دزین و تاڵانی سەرچاوەکانی دارایی و داهاتی خەڵکی کوردستان بەستووە.

ئەم دەسەڵاتە بەم هەموو تایبەتمەندییە شەرمئاوەرەوە، هەرگیز چاکسازی هەڵناگرێت... ئەگەر باسی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە، ئەگەر حکومەت و یاسا هەبێت، سامانی کەڵەکراوی و نەقدی و غەیرە نەقدیان دەبێ دەستی بەسەرا بگیرێت و بەهۆی نایاسایی بوونی کۆکردنەوەی ئەو هەموو سامانەوە، بدرێنە دادگا و زیندانی بکرێن... ئەگەر بریار بێت کەسی شیاو، بخرێتە شوینی شیاو... ئەوا بەرپرسانی حزب و حکومیان نا لایەقی و بێتوانایی خۆیان، بە ڕۆشنترین شێوە لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگە نیشانداوەو، هێشتا خەڵک تامەزرۆی ئاوی پاک و کارەبان ...و خزمەتگوزارییەکان نەک هەر بەرەو خراپتربوون دەچن، بەڵکو خەریکن ئەو خزمەتگوزارییە گشتیەکانەی کەماون هەرزان فرۆش دەکەن. بۆیە چارەنوسیان دوورخستنەوەو لیپرسینەوەی یاسایی دەبێت. بۆیە دەستبردن بۆ چاکسازی ریشەیی بە کۆتایی دەسەڵاتی خۆیان بەکۆتا دەگات... بۆیە نەک ناتوانن و دەستی بۆ نابەن، هەر کەس و لایەن و دامەزراوەیەکیش بەجدی دەست بۆ ئەم دۆسیەیە بەرێت، چارەنوسی دەکەوێتە مەترسیەوە. تەنانەت چاکسازی زۆر ناچیزو روکەشیش بە خۆشی خۆیان ناکەن ئەگەر نەخرێنە ژێرگوشارەوە. بۆیە ئەم دەسەڵاتە چارەسەر هەڵناگرێت و خەرەند و بۆشاییە یاسایی و ئاسایی و حکومەتداریی و دەوڵەتداری... لەگەڵ ویست و ژیانی گوزەرانی خەڵکی کوردستاندا، هێندە بەرین و فراوانە، پینە ناکرێت و بەیەک ناگەینرێنەوە...

ئەم دەسەڵاتە دەبێ لە ریشەوە، هەڵتەکێنرێت و لەدەسەڵات بخرێت. هەرچەشنە خۆشباوەرییەک بەوەی ئەم دەسەڵاتە چاکسازی بەرجەستە دەکات، یان دەست بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی دەبات، لە خۆشخەیاڵی و خزمەت بەدەسەڵات زیاتر هیچی تر نییە. پێویستە نەخشەو هەنگاوەکانی کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە، قیبلەنومای بزوتنەوەی نارەزایەتی و جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێرەکان بێت.

**ناوەراستی تەموزی ٢٠١٩**

# ڕژێمی فاشیستی ئیران و تورکیا، بەردەوامن لە بۆمباران و سنور بەزاندنەکانیان



لەدرێژەی ملهوری و بەردەوام و سنور بەزاندن و دەستدریژەکانیاندا، هەردوو رژێمی فاشیست و دژە ئینسانی ئیران و تورکیا، بەردەوامن لە تۆپباران و بۆمبابارانکردنی ناوچە سنوریەکان و بنکەو بارەگاکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و تورکیدا. که لە ئاکامی بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و ئیران و تۆپبارانەکانیان چەندین هاوڵاتی بێتاوان و کوژران و بریندار بوون... دیارە ئەوە یەکەمین جار هاوڵاتیانی بێتاوانی کوردستان لە ئاکامی دەستدرێژی و سنوربەزاندنی دەوڵەتی ئێران و تورکیادا دەبنە قوربانی و زەروزیان بە کاروکاسبیان دەگەیەنرێت... بەڵکو لە ماوەی ٢٨ ساڵی رابردوداو لەو کاتەوە کۆمەڵگەی کوردستان توشی دۆخێکی تایبەتی و بێناسنامەیی وڵاتی بۆتەوە، کوردستان بۆتە مەیدانێک بۆ تەراتێنی باندو دەستریژی و سنور بەزاندنی سەربازی وڵاتانی ناوچەکەو لەوکاتەشەوە تائێستا بە سەدان هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە یان برینداربوون و بەدەیان گوندو ئاوایش کەوتونەتە ناو دۆخێکی نائەمنییەوە...

حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان "پارتی و یەکێتی" کە هەمیشە هەردوو دەوڵەتی ئیران و توکیا بەدۆستی کورد لەقەڵەم دەدەن و پەیوەندیەکی ناهاوسەنگیان لەگەڵیاندا هەیەو تەنانەت لە پەیوەندییەوە گۆڕدراوە بە نۆکەرایەتی و خزمەت پیشەیی... لەبەرامبەر بەو تاوانانەدا جگە لە هەڵوێستی زۆر شەرمنانە، هیچ کاردانەوەیەکی تەندروستیان لەخۆیان نیشان نەداوە، لەجێگای ئەوەی بوونی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتانەیان کردۆتە پاساوهێناوە بۆ دەستدرێژی بەردەوامیان..

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# داڕوخانی پەروەردە!!!

د. سەردار عبدالرحمن لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بەشێک لەئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە دەخاتە ڕوو، کەنەک جێگای هەڵوێستەیە، بەڵکو تەکاندەرە بۆ هەر ئینسانێک کەمترین خەمی نەوەکانی کۆمەڵگەو سلکی پەروەدەو فێرکردنی هەبێت... ئەو ئامارانە لەهەر کۆمەڵگەو وڵاتێکی دنیادا کە کەمترین پرانسیبی دیموکراسی بە مانا "باوەکەی بۆرژوازی" هەبێت، پەروەردە ڕێزلێگیراو بێت. دەبێتە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی، یان ناچار بەدەست لەکارکیشانەوەی سەرجەم بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتە و تەنانەت ڕوخاندنی ئەو حکومەتەش کە لەسەر کارە...



تەماشا کەن، چ کارەساتێکە، ئامارەکان دەدوێن:

٨١% قوتابخانەکان بەکەڵکی خوێندن نایەن!

لە ٦٦٣٥ قوتابخانە ١٧٨ قوتابخانەیان دوو دەوامن!

١٢٤ قوتابخانەیان سێ دەوامن!

٥ قوتابخانەیان چوار دەوامن!

لە ٦٦٣٥ قوتابخانە ٢٢% بینایان نییە!

٦٠% قوتابخانە گونجاو نین!

تەنها ١٨% باشن...

هەروەها ١٣٩٥ قوتابخانە میوانن لە بینای تردا...

٦٠٠ لادێ بێ قوتابخانەیە!

٣٠ قوتابخانە لەگڵ دروستکراون!

لە ٣٥٠ قوتابخانەدا، تەوالێت بۆ مامۆستایان نییە!

٥٠٣٥ قوتابخانە بێ تۆێژەری کۆمەڵایەتین!

٩١% قوتابخانەکان تاقیگەیان نییە!

ساڵانە ٣٠ بۆ ٤٥ هەزار قوتابی وازلەخوێندن دەهێنن!

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پرۆگرامەکانی خوێندن پڕ لەهەڵەن، ساڵانە بە ملیۆنەها دۆلار سەرفی چاپی کتێب دەکرێت، بەڵام قوتابیان و خوێندکاران موحتاجی کتێبن!! پرسیاری تاقیکردنەوە، دەفرۆشرێن...

ئەو داتایانە، هێشتا باسی لە دۆخی مامۆستایان، بێموچەیی، نەبوونی دەوراتی بەهێزکردن، سەرکوتی سیاسی، دامەزراندن بە تەزکیەی حزبی، ژمارەی قوتابیان لەهەر پۆلێکدا، لێکجیاکردنەوەی قوتابیان لەسەر بنەمای ڕەگەزی" کچ و کوڕ" پێداویستیەکانی ناو خوێندگاکان،... ناکات. تەنانەت باسێک لە مەنهەجی خوێندن و تیکەڵاوبوونی لەگەڵ دین و موقەدەساتە پوچە قەومی و کەلتوری و ئەخلاقیەکان ناکات... خۆ ئەگەر هەرکام لەمانەش بەداتا بخرێتە ڕوو کارەساتەکە چەند بەرابەر گەورە دەبێت.

لەکاتێکدا ئەو ئامارە ئازاردەرە لە سلکی پەروەردەدا، دەخرێتە روو، کە بە ئەندازەی زیاتری ژمارەی تەنها قوتابخانەکان، لە ٢٨ ساڵی رابردوودا مزگەوت لەشارو شارۆچکەکان بەوپەڕێ تێرو پرییەوە دروستکراون و منارەکانیان، بە ئاسماندا چوون و میکرفۆنە چوارییەکانیان، کۆمەڵگە هەراسان دەکەن.

چ دەسەڵاتیکی کۆنەپەرستە، بەبەرچاوتەوە خوێندن و پەروەردە دابڕمێت و وێرانە بێت، مەنهەجی خوێندن دواکەوتوانە بێت، زوربەی زۆری خێزانە هەژارەکان بە هەزاران دەردەسەری ڕۆڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، و ژمارەیەکی زۆریان ساڵانە بەهۆی نەبوونی و هەژارییەوە وازلەخوێندن بهێنن، مامۆستایان و کارمەندان، بێ موچەو پێداویستەکانی ژیان بن، کەچی دەستی دەوڵەمەندان و کۆنەپەرستانی دینی ئاوەڵابکەیت، ساڵانە مزگەوت دروست بکەن و زەوی بدەی پێیان و خوێندکارانیش بێ جێگەر ڕیگەو سێ دەوام و چوار دەوام بن و ژینگەی خویندنیش ناتەندروست و خاڵی لە پێداویستی و زیندان ئاسا بێت...

خولقاندنی ئەم دۆخە، بۆئەوەیە کۆمەڵگە لە نەزانی و تاریکی و نەخوێندەوارییدا بمێنێتەوە. بەجیا لەو ئامانجە کە کۆمەڵگە نەخوێندەوار و بێدەنگ بێت، هیچ پاساوێکی تر نییە بۆ ئەم هەلومەرجە، بەتایبەت لە وڵاتێکدا کە لەسەر دەریای نەوت و سامانێکی بێشومارە.



ئەو هەلومەرجە کە بەداتا بەشیک و تەنها بەشێک لە وێران بوونی دۆخی پەرەوەردە و ناتەبایی و دوژمنایەتی حزب و لایەنە سیاسی دەسەڵاتبەدەستەکان، لەبەرامبەر پەروەردەو نەوەکانیدا دەخاتە ڕوو، ئەرکێکی چارەنووساز دەخاتە سەرشانی بەرەی ئازادیخواز و پەروەردە دۆست و نەوەدۆست و هەموو ئینسانێکی ویژدان زیندو و مامۆستایان و کەسوکاری خوێندکاران، کەبێنە مەیدان و ئەم دەسەڵاتە ناچار بکەن، دەست هەڵبگرێت، لە وێرانکردن و دارمانی سلکی پەروەردە... کەدیارە سلکی تەندروستی و بوارەکانی تریش لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا لەهی پەروەردە باشتر نین...

# لە زمانی خۆیانەوە، سوکایەتی بەژنان ببیستن!




ئەبوبەکر هەڵەدنی ماندونەناسی دژە ژن و دژە کۆمەڵگە... وەکو پەیامبەری نازداریان!! و خێڵی کۆنەپەستی دژە ژنیان، هەوەسی بێ جڵەوەی خۆی و بزوتنەوە ئیسلامیەکان بە ئاشکرا ڕادەگەیەنێت و لەخەمی پیاوانی هەوەسبازی هاوشێوەی خۆیدا، لە دیمانەیەکدا کە لەرۆژنامەی "زەمەن" ی بەرواری ٩ ئەم مانگە بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت" من لایەنگری فرەژنیم بەتایبەت بۆ دۆخی ئەمڕۆ، پشت بەخوا خەریکی ئامادەکردنی پڕۆژەی هەمواری یاسای باری کەسێتیم تا کۆت و بەند و ڕیگری بەردەم فرەژنی هەڵگیرێ و... دەڵێت هەموو پیاوێک حەزی لە ژنی دووەمە"

**هەڵەدنی کە ڕۆژانە بانگەشەی دژە گەندەڵی دەکات و بە چاکسازییەوە دەفشێ، هێشتا لەوە تێناگات کە فرە ژنی گەندەڵکردنی کۆمەڵگە و وێرانکردنیەتی، وە فرە ژنی سوکایەتییە نەك تەنها بەژن، بەڵکو بە هەموو کۆمەڵگە و هەموو ئینسانێکی پێشکەوتنخواز...**

هەڵەدنی کە ڕۆژانە بانگەشەی دژە گەندەڵی دەکات و بە چاکسازییەوە دەفشی، هێشتا لەوە تێناگات کە فرە ژنی گەندەڵکردنی کۆمەڵگە و وێرانکردنیەتی، وە فرە ژنی سوکایەتییە نەک تەنها بەژن، بەڵکو بە هەموو کۆمەڵگە و هەموو ئینسانێکی پێشکەوتنخوازە... هەڵەدنی و هاوشێوەکانی کە هەوەسیان بۆ جڵەو ناکرێت، دەڵێت هەموو پیاوێک حەزی لە ژنی دووەمە" بەو دەربڕینە هەوسار پچراویەی خۆی، دەیەوێت تۆمەت بۆ هەموو پیاوان هەڵببەستێت... کە وەکو خۆی تامەزرۆی چەند ژنە و تێرکردنی ئارەزووە سکسیەکانییان. ئەوە لە کاتێکدایە کە باش دەزانێت جگە لە کەمایەتییەکی کەمی ئیسلامی و داعشی و کۆنەپەرستی لێ دەربچێت، کەس لەگەڵ فرە ژنی نییەو فرە ژنی وەکو نەنگ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا تەماشا دەکرێت بە کۆمەڵگەی کوردستانیشەوە...

کاکی فکر داعشی و محەمەدی ئەندامی پەرلەمانە... چ کارەساتێکە؟ پەرلەمانێک ئەمانەی تیدا بێت، دەتوانێت سیما و ژینگەی کۆنەپەرستی ئەو پەرلەمانە بخاتە روو، ئەو لێدوانەی هەڵەدنی پێویستە وەلامی کارساز وەربگرێتەوە چ لەلایەن بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و چ لەلایەن هەر کەس و لایەنێکی سیاسی و جەماوەری و ئینسان دۆست و ژن دۆست و ژیان دۆستەوە...

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# سەرمایەداری، بازرگانی سێکس و ستەم بۆ سەر ژنان

وەرگێران و ئامادەکردنی: هەتاو عەبدولاهی

بەشی یەکەم

بۆنەکانی ئەمساڵ واتە بۆنە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە ژنان بەتایبەتی ٨ی مارسی ئەمساڵ ڕۆژی جیهانی ژن، لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە هەزاران ژن لە ناوەندی شاری لەندەن لە نارەزایەتی بەتوندوتیژی خۆپێشاندانیان وەرێخست، هەروەها ژنێکی لاو لە مێترۆی لەندەن و لە شوێنێک کە ببوو بە قوربانی ئازارو کردەوەی توندوتیژی جنسی بە بەڕێوەبردنی ڕەقسێکی شانۆیی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەی نمایش کردو بەمشێوەی نارەزایەتی خۆی دەربڕی. هەر لەو کاتەدا ژنێک لە ناو زینداندا شیعرێکی نووسی تاکوو بەسەرهاتی ژیانی خۆی بگێڕێتەوەو بڵێ کە تاوانی ڕاستەقینەی ئەو تەنیا ژن بوون بووە. هەر لەو ڕۆژەدا ژنانی هیند لە نارەزایەتی بە دژی دەستدرێژیی سێکسی بە کۆمەڵی گروپێک بۆسەر ژنێک لە دهلی نوێ کە لە ئاکامدا دوای ئازارێکی زۆرەوە بەهۆی کاری بوونی برینەکانی گیانی لە دەستدا، ڕووداوێک کە دنیای هەژاند درێژە دا.

لە ساڵی ڕابردوو ژنان لە وڵاتە ئارژانتین بەدژی قازانج پەرەستانێک کە بازرگانی بە ژنانو کچان دەکەن و گیرفانی سەرمایەدارانی ئەم وڵاتە پڕ دەکەنو هەروەها دامو دەزگای ئەم وڵاتەو کاربەدەستانێک کە پشتیوانی لەم باندانە دەکەن خۆپێشاندانێکی بەرینیان وەرێخست. ژنان لە سوودان بەدژی هاوسەرگیریو بە شوودانی بە زۆرەملێ کچانی ژێر ١٨ ساڵی ئەم وڵاتە خەباتیکی بەرینیان وەرێخست. لە پاکستان و کوردستان ژنان بەدژی قەتڵە نامووسییەکان دەستیان دایە خەباتێکی هەمەلایەنە. لە وڵاتی تورکیە ژنان لە بەرامبەر توندوتیژی بەردەوام و یاسای دژی سقت جنین واتە منداڵ لەباربردن درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا.

ژنان لە وڵاتی ئێران بەدژی توندوتیژیی دەوڵەتیو یاسا ئیسلامیەکان کە هەول دەدات چالاکیو هەڵسووڕانی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکان بەرتەسک بکاتەوە دەستیان دایە خەباتێکی بەرچاو و هەمەلایەنە.

ژنان لە ولاتی ئەفغانستان بەدژی دەسەلاتی دواکەوتووی بنیاتگەرایانێک کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانیان لێدەکرێ و ئاسایشی ژنانی ئەو وڵاتەیان خستۆتە مەترسیەوەو هەروەها بەدژی تاڵبان خۆپێشاندانو ئاکسیۆنی چالاکییان وەرێخست. شایانی ئاماژەپێدانە بەپێی ڕاپۆرتەکانی بەدەست گەیشتوو لەم بوارەوە زیاتر لە ١٥٠٠ ئاکسیون لە وڵاتی ئەمریکا لە ڕۆژی جیهانی ژن بەمەبەستی نارەزایەتی بەدژی هەڵاواردن و توندوتیژی بە دژی ژنان ڕێکخرانو بەڕێوەچوون.

توندوتیژی بەدژی ژنان شێوەگەلی جۆراجۆری بەخۆیەوە گرتووە، یەکێک لە جۆرەکانی کە بەشێوەی جیدی هەرەشە لە بارودۆخی ژیانو گوزەرانو جێگەو پێگەیان دەکات بازرگانی کردن بە ژنانو بەکاڵاکردنی جەستەیانە.

بازرگانی بە ژنانو جەستەیان لە بارودۆخی هەنووکەیی‌دا تایبەتمەندیی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ کە سەرەنجتان بۆ هێندێک لایەن رادەکێشین!!

١ –سەرەرای ئەوەی کە بازرگانی بە ژنانو جەستەییان پێشینەیەکی دوورو درێژی هەیە، بەلام لەماوەی دەیەکانی رابردوودا بەشێوەیەکی مەترسیدار پەرەی سەندووە. پەرەسەندنی ئەم بازرگانییە بەمانای ڕاستەقینەی خۆی هەژێنەرەو وەک هەرەشەیەک بۆسەر هەموو ژنان و کچانی لاو تەنانەت کچانی منداڵ لە جیهانی ئەمرۆیی دا بە ئەژمار دێ.

٢ –سەرەرای دوورو درێژبوونی مێژووی بازرگانی بە ژنان، بەڵام ئەم دیاردەیە لە هیچ فەرهەنگ، نەریتو مەزهەب یان ولاتێکی تایبەتی دا بنچینەو ریشەی نییە. دیاردەیەکە کە دەتوانین بڵێین هاورێ لەگەڵ بەجیهانی بوونی سەرمایەداری لە حاڵی پەرەسەندن دایە.

٣ –ئەوە نە تەنیا وەک خۆی جۆرو شکڵێک لە توندوتیژی بەدژی ژنانە، بەڵکوو سەرچاوەیەکی گرینگو هەڵخڕێنەر بۆ جۆرەکانی تری توندوتیژی بەدژی ژنان وەکوو، کۆیلەداری جنسی، لەشفرۆشیو گۆڕینی جێگەو پێگەی ئەوان وەک مرۆڤێکی چەوساوە بە ئەژمار دێ.

٤ –پیشەی سێکس بە میلیاردها دۆلار بۆ ئابووری جیهانی ئیمپیریالیستی بەرهەم دەهێنێ. ئەم دیاردەیە بەشێکی لێکجیانەکراوە لە ئابووریو کردەوەی سەرمایەداریی جیهانی هەم لە بواری ئابووری و هەم لە بواری ئیدئۆلۆژیدا.

٥ –سەرەرای ژێستگەلی جۆراوجۆر کە نوێنەرانی چینە دەسەڵات بەدەستەکان لە بەرامبەری‌دا دەگرن، بازرگانی سێکسو کرێکارانی جنسیو ئاسەوارەکانی سەرچاوەگرتوو لەو، تەنیا دەتوانێ پەیوەندیی کۆمەڵگەی چینایەتی مۆدێرنو ئیمپیریالیسم لەگەڵ یەکێک لە مەترسیداریرینو هەژێنەرترین جۆرەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان زەق بکاتەوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم داو بە تێپەڕینی ئەم بۆ سەدەی بیستەم‌دا، ئەوکاتەی سەرمایەداری چووە ناو بەرزترین قۆناخی خۆی واتە بوو بە ئیمپیریالیستی، بازرگانی بە ژنانیش وەک کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لێهات کە رێککەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی بە دواوە بوو، تاکوو پێش بە هەر جۆرە دەلاڵێک بۆ ژنانو کچانی منداڵ بە مەبەستی دزێو بۆ کڕینو فرۆشیان لە دەرەوەی سنوورەکان بگرێ.

ویلایەتە یەکگرتووەکان یاسای (منی) کە پێشنیاری (جیمز رابرت من) ئەندامی کۆنگرە لەو کاتەدا بوو لە ساڵی ١٩١٠ پەسند کرد، یاسایەک کە بەپێێ ئەو، راگواستنی تاکەکان لە سنوورەکانی دەرەوەو ناوەوە بە مەبەستی لەشفرۆشی یان مەبەستگەلی لەو جۆرە قەدەغە دەکرد.

پرسیار ئەوەی کە ئایا یاساو رێککەوتنانامە نێونەتەوەییەکان دەبێتە هۆی بەرتەسک کردنەوەو نەمانی بازرگانی بە ژنان؟ راستییەکان دەرخەری ئەوەن کە ئەم تیجارەتە لە سەرتاسەری سەدەی بیستەم لەوانە دوای ئاڵووگۆڕو گەشەی ئابووری لە زۆرێک لە ولاتان دوای شەڕی جیهانی دووهەم، لە حاڵی پەرەسەندن دابووە. ئەم پرسە دوای رووخانی بلووکی شورەویو گەشە لە گۆلۆبالیزاسیون، بەشیوەیەکی تۆقێنەر پەرەی سەندووە. سەرەرای بەیانییەو یاساکانی دژی بازرگانی سێکس ئەم تیجارەتو بازرگانییە هەروا بەشیوەیەکی بێ‌وێنە لەحاڵی پەرەسەندن دایە. ژنانو مندالان لە ناوچە هەژارنشینەکانی جیهان دەرفێندرێن، لە گوندو شارەکانیان دەگوازێنەوەو لە بازاری هەراجی( اوکشن) بە دەلاڵانی مرۆڤ دەفرۆشرێن تاکوو پیشەی سێکس لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئوروپا، ئوسترالیا، ئیسرائیل و میرنشینەکانی عەرەبیو باقی وڵاتانی پێشکەوتوو کە بازارێکی گەورە لەوان دا لەو پیشەیەدا بوونی هەیە دابین بکەن.

سەرەرای ئەو ژنانەی کە راستەوخۆ دەرفێندرێن، رێژەیەکیان بە فریوکاریو فێڵو تەڵەکە لە رێگەی وادەو بەڵێنی بۆ شوغڵێک لەوانە، کار لە رێستووران‌و هۆتێل یان خزمەتگوزاری، یان کاری جۆراوجۆرو لەو چەشنە، لە دەرەوەی سنوورەکان دەکەونە داوی ئەم کەسانەوە. هەژاریو بێدەسەڵاتی بنەماڵە چاویان زۆرتر لە بەرامبەر ژیانێکی پڕ لە ئازارو ستەم کە رووبەروویان دەبێتەوە دەنووقێنێ. راگواستنی ژنان بۆ شوێنی مەبەست زۆرتر لە رێگەی باندگەلی رێکخراو کە پەیوەندیی نێونەتەوەییان هەیە، رێکدەخرێو بەرێوەدەچی. کاتێک ژنێک رادەستی کارفەرماکەی دەکرێ، واتە کۆیلەدارەکەی، بەو دەوترێ کە لەوێ رادەگیرێ و ئاگایان لێ دەبێ تا ئەو کاتەی تێچووی سەفەرەکەی تەواو بێ، تێچوویەک کە تەنانەت بیر لە دانەوەی ناکاتەوە. ئێستا ئەو هەموو راستییەکانی کە لە پشت پەردە بووە بۆی دەردەکەوێ، بەڵام ئیتر زۆر درەنگ بووەو هیچ کارێکی پێ ناکرێو دەرباز بوون لەو گێژاوە بۆی دژوارە. ژن دەکەوێتە بەر هەرەشەی توندی دەلاڵانو بازرگانان. لەوانە ئیمکانی زەربەلێدان لە بنەماڵەکەی، دایک یان خوشکە بچکۆلانەکەی، دواتر دەستدرێژی تاکیو گروپی دەکرێتەسەرو مادەی سڕکەری پێدەدرێ تا ئەو جێگایەی بەگشتی گیرۆدەی مادەی سڕ کەری دەکەن تاکوو نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات و مل بۆ هەموو ویست و داخوازییە دزێوەکانی ئەوان رابکێشێو بیر لە ڕاکردن نەکاتەوە. شێوەگەلی دیکەش بۆ ڕاکێشانی ژنان بۆناو بازرگانی سێکسی بوونی هەیە، لەوانە: ئیزدواج لەگەڵ کورێک یان لە رێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەرێوە بچێ. لە زۆرێک لە نموونەکان مندالان لە رێگەی بنەماڵە یان کەسانێک کە هیچ بەرپرسیاریتیەکیان لە بەرامبەر ئەوان دا نییەو لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین لە بەرامبەر برە پارەیەک دەفررۆشرێن.

رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وا بەراورد دەکات هەموو سالێک لە نێوان ٧٠٠ هەزار تا ٤ میلیون ژن و منداڵ لە سەرتاسەری جیهان بە مەبەستی لەشفرۆشی بە ناچاری، کارو جۆرهای دیکە لە چەوساندنەوە بازرگانیان پێدەکرێ. وڵاتانی باشوورو باشووری رۆژئاوای ئاسیا وەکوو، کامبوج، ویتنام، فیلیپین، نپاڵ، بنگلادش، تایلەند و هلند لەو روانگەیەوە لەو ولاتانەن کە زۆرتر دەکەونە بەر ئامانج. میلیونها ژنو منداڵ، کچانی منداڵو مێرمنداڵ لە ناوخۆی وڵات دەفرۆشرێنو بازرگانیان پێدەکرێو یان بە وڵاتانی رۆژئاواییو باقی وڵاتانی پێشکەوتوو دەفرۆشرێنو بازرگانیان پێ دەکرێ.

ژمارەی لەشفرۆشانی کامبوج لە ساڵەکانی هەشتای زایینی نیزیک بە یەک هەزار کەس مەزەندە کراوە. بەڵام لە حاڵی حازر وا مەزەندە دەکرێ کە ٥٥ هەزار ژن و منداڵ وەکوو کۆیلەداری جنسی بە دیل گیراون. تەمەنی زیاتر لە یەک لەسەر سێ ئەوان ناگاتە ١٨ ساڵ، بازرگانی سێکس لە کامبوج تێچوویەک نیزیک بە نیو میلیارد دۆلار لە ساڵدا بەرهەم دەهێنێ.

ماوەیەتی

## لە شفرۆشی و بازرگانی سێکسی لە ڕێگای لەناوبردنی زەمینە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانەوە، مەیسەر دەبێت!

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# چارەسەری قەیرانەکان خۆبەڕێوەبەری شوورایی یە

عبدالرحمن رەسول



زۆرینەی مرۆڤەکان باس لەچەوسانەوەو نابەرابەری و سەکوت و هەژاری و بێکاری وئاوارەیی دەکەن و بەنووسین و قسە بەرگری لەئازادیخوازی و مافەکانی مرۆڤە هەژارەکان دەکەن، بەڵام ئەمە کافی نییە، چونکە کۆمەڵگەکان تەنها بەنووسین و قسەکردن ناگۆڕێن، بەڵکو نووسین و قسە بۆ هەڵوێست دەربڕین ئەوە بەشێکە لەلایەنگری مرۆڤ بەڕەوتی ئازادیخوازی و مرۆڤ دۆستی. بەشە گرینگەکە دەکەوێتە سەرئەوەی کەمرۆڤە ئازادیخواز ویەکسانیخوازو مرۆڤدۆستەکان چەندە دەتوانن کە هەنگاوی کرداری بنێن وشەقامەکانی شارەکان گەرم بکەن، بەدەنگ هەڵبڕین لەپشتیوانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەژارانی کۆمەلگاکەیان. هیچ کاتێک و سەردەمێکی مێژوویی هێندەی ئێستا خەڵکی کوردزمان کەسانی پسپۆڕ و شارەزاو دەروونناس وکۆمەڵناس و نووسەر ولێکۆڵەر و وەرگێڕ و زمانزان وئەکادیمی و دوکتۆرایی نەبووە، بەناو ئازادیخوازو مرۆڤدۆست ومرۆڤ پەروەری نەبووە، بەڵام هیچ کاتێکیش کۆمەڵەای کوردستان لەناو قەیران وکێشەو هەژاری و بێکاری و شەرو ئاوارەییدا نەبووە. ئەگەر نەتواندرێت مناڵێکی هەژار و برسی تێربکرێت ئەمانەسوودی چییە؟ ئەگەر نەتوانێت بەر بەگەشەی نابەرابەری و سەرکوت و بێکاری وهەژاری بگیرێت ئەمانە سوودی چییە؟ پێویستە لەشوێنێک خاڵێک دابندرێت بەیەکەوە بەتێکۆشانی هاوبەش و یەکگرتووانە هەموولایەک بڵێین ئیتر بەسە. با ئەوجارە نۆرەی دەسەڵات و سیستەمی خەڵک بێت، کەخەڵک خۆی کۆمەڵگە ئیدارە بدات لەئیدارەیەکی شوورایيدا. هەرخودی خەڵک خۆی ڕاستەوخۆ چاودێریش بێت بەسەر ئیدارەدان و بەڕێوەربردنی کۆمەڵگەدا کە لەلایەن شووراکانی خەڵکەوە بەڕێوە دەبرێت .

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لەدوایی نەمانی کۆمەڵگەی سەرەتایی کاتێک چەوسانەوە سەرکوت وچەوسانەوەو نابەرابەری بەهۆی زاڵبوونی هێزەوە دەستی پێکرد، کە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە قۆرغ کرا و بەزۆر بەملهوڕی لەلایەن کەمینەیەکەوە دەسەڵاتیان بەزەبری هێز سەپاندووە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەدا، ئەم کەمینەیە بیروباوەرە ئەفسانەیی و دینییەکان و نەتەوە وخێڵایەتی کۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کە لەدەسەڵات دابوون بەکارهێناوە، لەسەردەمی ئێستای گەشەی زانست وزانیارییەکانیشدا کەسەردەمی گەشەی سەرمایەدارییە زۆر بەباشی دەبیندرێت، ئەگەر چاوێک بە چیرۆکە ئەفسانەیی ومەزهەبییەکاندا بگێڕین باشتر ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم جۆرە مەزهەب وبیروباوەرو فکرانە زۆر کۆنەپەرستانەو دژە مرۆڤایەتییانە بەرگری لەمانەوەی کەمینەی خەڵک دەکەن لەدەسەڵاتدا بەچەندەها لەمپەرو گیروگرفت دادەنێن بۆگەشەی ئازادی بۆ بیرکردنەوەو داهێنانێک کەخزمەت بە کرانەوەی عەقڵی مرۆڤەکان و ڕزگاربوونی مرۆڤەکان لەچەوسانەوە بکەن. سەرئەنجام هەموو ئەمانە خزمەتی کەمینەک دەکەن لەخەڵکی کۆمەڵگە کە لەڕێگەی شەرعیەتی حیزبەوە چوونەتە ناودەسەڵات چ لە ڕێگەی کودەتاوە بێت یان هەڵبژاردنی فێڵ ودزی و درۆینەی پەرلەمانی بێت دواتر ڕوونتر دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی حیزب بۆ بەرژەوەندی حیزب و لەناوحیزبیشدا بۆکەمینەیەک لەسەرکردایەتی و سەرۆک و سکرتێرەکانی حیزب بەکارهاتووە. زۆرینەی حیزبەکان ئەمە ئاکاریان بووە لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکیان زۆر خراپ وسلبی کۆمەڵگەیان شێلاوە و زۆرینەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیان بەتوندترین شێوە چەوساندۆتەوە و شیلەی گیانیان مژیون بەتایبەت چینی هەژاران وکرێکاران وبێکاران وزەحمەتکێشان ودەست فرۆشانی کۆمەڵگە. سەرجەم ئەو ململانێی لەنێو حیزبەکانی بۆرژوازی وبەناو دیموکراتخوازەکانیش هاتۆتە پێش بۆ پاراستنی چەوسێنەرو نۆژەنکردنەوەی سیستەمی چەوسێنەربووە. ئەگەر لەوڵاتانی سەرمایەدار بەجۆرێک مرۆڤ وەک کاڵاو شمەکی لێ بەسەرهاتووە کەهەر کەسێک سوودی گەشەی سەرمایەداری نەبێت پەراوێز دەخرێت و بەپلە دوو دادەندرێت، هەربەهۆی ململانێی ناتەندروست و نامرۆڤانەوە کە بەجۆرێکی چاوچنۆکانە سیاسییەکان دەبنە بازرگان وخاوەن کۆمپانیا وپارە و سامانی گشتی بە ئارەزووی خۆیانەوە بەهۆی یاساکانی بازاڕی ئازادەوە کەتەنها مەبەستیان قازانجی سەرمایەو پارەیە لەکاری سیاسییاندا، نەک ڕاستگۆیانە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بکەن، هەربۆش دەبینین ساڵانە ڕێژەی هەژاران و برسییەکان ونەخۆشییە دەروونی و درێژخایەنەکان لە جیهانی مرۆڤایەتی زیاد دەکات، وێرانکردن و لەناوبردنی ژینگەی جوانی سروشت و پیسبوونی ئاو و هەوای پاک ڕۆژانە گەشەی پێ دەدرێت، بەردەوام جەستەی پاکو ناسکی مناڵان و مرۆڤەکان لەناو دەبات، بەجۆرێک کەدەرمان و دکتۆرەکانیش ناتوانن چارەسەریان بکەن هەر بۆیە بەشێنەیی ڕۆژانە گیان لەدەست دەدەن بەهۆی پیسبوونی ژینگە و ئاو وهەوا و سروشتەوە..

لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەرست و عێراق و ئێران و کوردستان بارودۆخی مرۆڤایەتی زۆر وێرانترو سەرگەردانترە. سەرجەم ململانێ حیزبییەکان لەپێناوی باشتر هێشتنەوەی سیستەمی خێڵایەتی ومافیاگەرایی بووە. ململانێکانیان بۆتێکشکاندنی نوێبوونەوەو نەشونمایی ئازادی و بەرابەری بووە، بیروباوەڕەکان وفکرو مەزهەبەکان بەئاراستەی لەچاڵنانی نوێگەری و ڕۆشنگەری و ئازادییەکان بووە و شەرعییەتدان بووە بەبەرزبوونەوەی هەژاری ونەهامەتی و کێشەو قەیرانەکان بووە، ئەمەش تەنها لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی فکری کۆنەپەرستی ودژە مرۆڤایەتییەکانیان بووە.

هەمووئەمانەی سەرەوە لەچوارچێوەی هێلانەی دەسەڵات و سیستەمی سەمایەداری (دینی و نەتەوەیی وخێڵایەتی و حیزبی دا) پارێزگاری لێکراوە و هەتا سیستەمی سەمایەداری بمێنێت ئەم پارێزگاری کردنەش دەمێنێت، چونکە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتە کە کۆمەڵگە پارچە پارچە بێت. مرۆڤەکان سەرسەختانە لەململانێ دابن لەگەڵ یەکتریدا لەبەر ململانێکانیان لەسەر دین وحیزب و نەتەوە وخێڵ و یان خاوەن بیروباوەری بەدین لەگەڵ بێدین، گرینگ لای دەسەڵاتداران ئەوەیە کە خەڵک سەرقاڵی ململانێ و دووبەرەکی یەکتری بێت بۆئەوەی بەلای گۆڕانی سیستەمی چەوسێنەردا نەچن. هەتا خەڵک نا وشیار بێت بەم جۆرە کۆمەڵگە لەناوکێشە وقەیراندا دەمێنێتەوە. ئەمانیش کە کەمینەی کۆمەڵگەن بەناوی سەرۆک و سکرتێرەکانەوە و بەناوی سەرۆکی دەوڵەت وهەرێم وحکومەت و وەزیرەوکانەوە دزی وتاڵانی لە کۆمەڵگەدا بکەن خۆیان زۆر باشتر سەرمایەدارتر بکەن وکۆمپانیاو ئەپارتمان و ئوتێل و میوانخانە و باڵەخانەی نموونەی بۆخۆیان بکڕن دواتریش هەرخۆیان گاڵتە بەخەڵکی هەژار وبێکار بکەن بڵێن ئەوانە تەمبەڵ و تەوەزلن، ئێمە خزمەت دەکەین وکۆمەڵگا بەڕیوە دەبەین، ئەمەیە دەسەڵاتی حیزب کە کۆمەڵگە وێران دەکات و هەتا بشمێنێت زیاتر وێرانی دەکات وئیرادەی مرۆڤایەتی بوونی تێکدەشکێنێت.

پرسیارێک هەیە کەپێویستە هەموومرۆڤێک کەدڵی بۆ ئازادی وبەرابەری لێدەدات وەڵامی بداتەوە ئەویش ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەدا کێشەی خەڵک هەیە یان کێشەی حیزب؟

ئەگەر کێشەو قەیرانی حیزبی هەیە ئەوە حیزبەکانن دەبێت خۆیان چارەسەری خۆیان بکەن، نەک خەڵکی کرێکار و زەحمەتێش و دەستفرۆشان خۆیانی پێ سەرقاڵ بکەن لەبەرئەوەی بەچارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی حیزبەکان هەرتەنها حیزبەکان قازانج دەکەن، نەک خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش. کەواتە پێویستە هەربەشە خۆی چارەسەری کێشەوگرفتەکانی خۆی بکات. کاتێک خەڵک ناڕازی یە دەبێت بزانێت لەچ نارازی یە وبۆچی ناڕازییە؟ لەگەڵ کێ ناڕازییە؟ پێویستە خەڵکی نارازی وشیارانە هەنگاو بۆ هێنانەدی داواکاری و مافەکانی بنێت ئەویش پێویست دەکات سەرجەم ئەوانەی کە ناڕازین لەدەوری یەکتری کۆببنەوە و جۆری وداواکارییەکانیان یەکبخەن و بیسەلمێنن کە ناڕەزایەتی خەڵک بۆ خواست و داواکاری خەڵکە، نەک بۆحیزبە و سەرۆکی حزبەکانە. دواتر حزبەکان و سەرۆکی حیزبەکان و ئەگەر ڕاستگۆن و درۆناکەن لەگەڵ خەڵک دەتوانن دڵسۆزانە پشتیوانی لە خواست و داواکارییەکانی خەڵکی ناڕازی بکەن، بەڵام خەڵک خۆی نوێنەر و ڕابەری ناڕەزایەتییەکان بێت دواتر هەر خەڵکی ناڕازی ئیدارەی ناڕەزایەتییەکان گەشەپێبدات.

کاتی باسی ئیدارەدان دەکەین، پێویستە چۆنێتی ئیدارەدانی دەسەڵاتی خەڵک لەسەرەتاوە بەجۆرێک ڕێکبخرێت کە دەسەڵاتی خەڵک بەهێز بکات.

خەڵکی ناڕازی لەچەوسانەوە لە وهەنگاوانەوە دەست پێبکەن کە گەشە بەیەکگرتوویی دەدات لە تێکۆشان لەدژی چەسانەوەو نابەرابەری وسەرکوت وکوشتنی ژن و ڕۆژنامەنوس وکەسانی ئازادیخواز بێنە مەیدان. ژنان و پیاوان شانبەشانی یەکتری هەنگاو بۆچارەسەری کێشەو قەیرانەکان بەرن بەیەکەوە نەخشەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەئەستۆ بگرن ڕاشکاوانەو دڵسۆزانە هەنگاو بۆ جێگیردنی دەسەڵات وسیستەمی گشتی خەڵک بەرن، سوود لەمێژوو وەربگرین نەخشە ڕێگا بۆ تێکۆشانی ئێستا وداهاتوو دابندرێت. تاکەکان و هەڵسوڕاوان خۆ دووربگرن لە ململانێی حیزبایەتی و شەڕە حیزبی. ئیتر بەسە ململانێی فکری وبۆچوونە جیاوازەکان وەلابنێن تەنها گرینگی بەخواست وداواکاری خەڵکی ناڕازی بدرێت، ئەمە بەجۆرێکە کە کۆمەک بە بەرەو پێشچوونی نەخشە ڕێگای شارستانی پێشکەوتووانەی ئازادیخوازان دەکات کەشان بەشانی خەڵکی زەحمەتکێش و بێکار و کرێکار و هەژار شەقامەکانی شارەکان پڕ بکەن لەبانگەوازی تێکۆشان. پێویستە بەجۆرێک تێکۆشان بکرێت نەک جیاوازبێت، بەڵکو پێچەوانە بێت لە هەڵسوڕانی خێڵایەتی و حیزبایەتی. ئەو تێکۆشانەی کە ئەنجام دەدرێت گۆڕانکاری بکات لەجۆری سیستەمی چەوسێنەر و کۆمەڵگە لەڕووی سیاسی و پەروەردەیی و فەرهەنگی. جۆری تێکۆشان زۆر گرینگە ئەویش کاتێک دەڵێم پێچەوانە خێڵایەتی و حیزبایەتی واتە دەسەڵات بۆ خودی خەڵک ئامادە بکرێ و خەڵک خۆی بتوانێت سیستەم و یاساکان دابنێت و بەرگری لێ بکات. باشترین نەخشەڕێگا بۆ تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانەی ئازادیخوازان ئەویش تێکۆشانە بەجۆری شوورایی کە هەر لەسەرەتاوە خەڵک هانبدرێت بە جۆری شوورایی نەخشە ڕێگای تێکۆشانەکانیان جێبەجێ بکەن. کاتێک تێکۆشانی شوورایی هەموو ناوەندەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی گرتەوە ئەو کات زۆر بە ئاسانی خەڵک خۆی دەتوانێت دەسەڵات ئیدارە بدات و سەربەخۆبێت و بەرگری لە دەسەڵات و یاسا وسیستەمە پێشکەوتووەکەی بکات. ئەم خاڵەیان زۆر گرینگە ئەویش ئەوەیە ناکرێت بەهیچ جۆرێک پەلە لەم جۆرە تێکۆشانە بکرێت بۆئەوەی هەر هەنگاوێک کە چۆوە پێشەوە هەرگیز نەگەڕێتەوە.. بۆ هەرقۆناغێک جۆرێک تێکۆشانی گشتگیر پێویستە، گرینگ ئەوەیە چەندە مرۆڤەکان دڵسۆزانە وخۆبەخشانە ئامادەیی کاری تێکۆشانی لەوجۆرەی هەیە کە نەئیمتیاز وەردەگرێت نەبەرپرسیارێتی وسەرۆکایەتی، بەڵام ئامادەی کارو تێکۆشانی خۆبەخشانەی هەیە کەئازادیخوزانەو ڕادیکاڵانە لەمەیداندا بانگەوازی تێکۆشان دەکات ئەمە چارەسەرە لەم قۆناغەدا دەتواندرێت لەتێکۆشانی هاوبەش ویەکگرتووانەی خەڵکی ناڕازی دا کۆمەڵگە لەم کێشەو قەیرانانە ڕزگاربکەین.

بۆیە بەرزکردنەوەی دروشمی نان، کار، ئازادی زۆر گرینگ وپێویستە بۆگشتگیرکردنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەگشتی، پێویستە هەموومان بەیەکەوە دەست لەناو دەست لەخەمی هێنانەدی نان و کارو ئازادی دا بین، هێچمان زەرە ناکەین کەخاوەن بیروباوەڕو فکری جیاوازین، بەڵام هەموومان بەگشتی و هەژاران وبرسی وبێکاران بەدەست ڕاگەیشتنیان بە مافەکانیان قازانج دەکەن وکۆمەڵگەی کوردستان بەرەو نوێ بوونەوەو پێشکەوتنی زۆرباش دەچێت.

## پرسی ژن ؟

تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتییەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..



بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن

بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com

# پێگەو قۆناغەکانی چەوسانەوەی ژنان لەمێژوودا



نووسینی: شوانە حەسەن

هەرچەندە چەوساندنەوەی ژنان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام من لێرەدا مەبەستی ئەوەم نییە چەوساندنەوەی ژنان قۆناغ بە قۆناغی مێژوو بەسەر بکەمەوە، تەنیا دەمەوێت ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەمێژووی مرۆڤایەتی بدەین و سەرنجی ئەوە بدەین چەوساندنەوەی ژنان ڕابردوویەکی درێژی هەیە، سەرەڕای چەوساندنەوەی کۆیلە و کەمینە و بێ هێزەکان لەلایەن خاوەن هێز و دەسەڵاتدارەکان، چەوسانەوەی ئایینە کەمینەکان لەلایەن پەیڕەوانی ئایینی زۆرینە، چەوساندنەوە نەتەوە ژێردەستەکان لەلایەن نەتەوەی سەردەستەوە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەردەوام هەبووە، بەڵام درێژترین و سەختترین چەوساندنەوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا چەوساندنەوەی ژنانە لەلایەن چینە باڵادەستەکان و پیاوی هاوڕەگەزی خۆیەوە، ستەم و چەوساندنەوە بارێکی قورس بووە بەسەرشانی ئادەمیزادەوە، لەبەرئەوە نەیتوانیوە بۆ هەمیشە بەبێ دەنگی و قبوڵکردنی ئەو چەوساندنەوەیە بمێنێتەوە، لەم سۆنگەیەوە چەندین بزوتنەوە و ڕاپەینی فراوان لە قۆناغەکانی مێژوودا سەری هەڵداوە، ئەگەرچی ژنان فراوانترین چین و توێژی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوون و درێژترین چەوساندنەوە لەسەر ژنان بووە، بەڵام بەبەراورد بە بزوتنەوە سیاسیەکان و کۆمەڵایەتیەکانی تر ڕاپەڕین و جوڵانەوەیەکی ژنان دژی چەوساندنەوەی خۆیان لەمێژووی دووردا کەمتر بەرچاو دەکەوێ، ئەمەش چەند تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە، لەلایەک پێکهاتەی مەعنەوی و سایکۆلۆژی ژنان نەیتوانیوە توندوتیژی ئەوەندە بنوێنێ چەوسێنەری خۆی بەرزەفت بکا یان هەر نەبێت چالاکیەکانی سست بکات و توانای چەوساندنەوەی لاواز بکات، لەلایەکی تر ئەو ئەرکەی ژنان پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی خێزانی و سۆزداری کەسایەتیەوە هەیە، لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری کە بووەتە هۆی چەوساندنەوەی، ئەوەی بڕستی ئافرەتی بڕیوە و هێز و توانا و قەڵەمی دەستوپێی ژنانی شکاندووە ئەوەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێت نەک تەنها ڕووبەڕووی دەسەڵاتی چینی زاڵی کۆمەڵ، بەڵکو ڕووبەڕووبووە لەگەڵ کەلتوری داسەپێنراوی ئەم چینە بەسەر باوک و براو مێرد و دەوروبەرەکەشیدا.

لەسەردەمی سەرهەڵدان و دەسەڵاتی ئیسلامی دانیشتوانی ناو سنووری دەوڵەتی ئیسلامی زۆربەی هەرە زۆریان موسڵمان بوون بە ئێستاشەوە، کاریگەری جێبەجێکردنی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر پرسی ژنان ڕەنگی داوەتەوە بەوانەشەوە ئایینی ئیسلامیان وەک دینی ڕەسمی خۆیان قبوڵ نەکردووە و موسڵمان نەبوون، ئەمەش لە دوای قۆناغی خەلافەتی ڕاشیدین دۆخێکی ئاڵۆز و کێبەرکێ و گومان هاتە ئاراوە، یەکێک لەو کێشانە دەربارەی مافەکانی ژنان بوو، لەچوارچێوەی هەر پێنج مەزهەبە سەرەکیەکەی ئیسلام کەوتنە لێکدانەوە و شیکردنەوەی مافەکانی ژنان و تائێستاش بنەمای یاسا و فتواکانی دینی لەسەر بنچینەی ئەو مەزهەبانە پەیڕەو دەکرێت. سەرەڕای ئەم مەزهەبانەش فتوای پیاوانی ئایینی و تێکەڵکردنی داب و نەریتی خێڵەکی بوون بە بنەمای ئاین بۆ لەقاڵب دانی مافەکانی ژنان، لەلایەکی دیکەش بەهۆی دەسەڵاتی عەرەب بەسەر جیهانی ئیسلامی و ویستی فەرمانڕەوایی و مامەحەمەیی کەسە لاواز و دەرون نەخۆشە خۆجێیەکانەوە داب و نەریتە خێڵەکی و دەشتەکیەکانی دواکەوتووی جیهانی عەرەبی بۆ ناو نەتەوە ژێر دەستەکانی ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلامی گواستەوە، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کەلتوری کۆن و سەردەمی جاهیلی عەرەبی پڕیەتی لە داب و نەریتی چەقبەست و کۆنەپەرستانەی دواکەوتوو، بەشێکی کە بریتی بوون لە توندوتیژی بێ سنوور دژی ژنان، ڕیسواکردنی کەسایەتی ژن هەر لە زیندە بەچاڵ کردنی کچان و ژن لەیەکتر داگیرکردن، ڕفاندن و کوشتن، ژن بەژن و گەورە بە بچووک، تەڵاق دان و چەند ژنی، ڕیز کردنی کۆیلە و کەنیزە و چەندین داب و نەریتی دیکە کە ریشەیان لە دینەکاندایە کە لەو بارەیەوە دەیان ئایەت و حەدیس هەیە کە ڕەوایەتی بە بێمافی و جیاکاری و چەوساندنەوە و چەند ژنەو کەنیزە گرتن و ...تاد، دەدات. ئەم داب و نەریتە دواکەوتوانە بەپێی سەرچاوە دینی و کەلتوری زاڵی ئەو زەمانەوە لەڕێگای زۆرو توندوتیژییەوە کرانە داب و نەریتی خێڵەکی و داسەپێنران. ئەمەش سەردەمێکی دوور و درێژی بڕی و سەردەمی قۆناغی دەرەبەگایەتیشی گرتەوە. دواتر لەقۆناغی سەرمایەداریدا ژیانی مرۆڤ گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات لەڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و فەلسەفە و بیروباوەڕی زانستی، لەم قۆناغەدا گرنگی دان بەمافەکانی مرۆڤ بەڕادەیەکی وا پێشکەوت لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆیدا بەراورد ناکرێت، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانی زۆری بەسەرداهات، تەکنەلۆژیا بووە هۆی گەیشتنی زانیاریەکان و بە هەموو جیهان دا پەلی هاویشت لە ئەنجامدا سیستەمێکی جیهانگیری هاتەکایە، هەموو جیهانی بەیەکەوە کۆکردەوە یا وەک دەڵێن جیهانی کردە گوندێکی بچکۆلە، لەپەراوێزی گواستنەوەی زانیاریەکانی ئەم سیستەمەدا دیموکراسی هاتەکایە و لەناوەڕاستی ئەم قۆناغە لە ئەمریکا و فەرەنسا پەرەی سەند. ئەم دەستکەوتە زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسیە گۆڕانکاری زۆری بەسەر کەلتوری ژنان دا هێنا و لەچالاکیە حزبی و سەندیکاییەکاندا بەشداربوون، توانیان بزوتنەوەی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن.

شای پروسیا لەساڵی 1848 بەڵێنێکی بەجێ نەهێنراوی بەژنان دا کە مافی دەنگدانیان لەپەرلەمان هەبێت.

لەسەدەی نۆزدەدا سەرمایەداری گەشەی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینی و لەسەرەتای سەدەی بیست لە وڵاتە پیشەسازیە گەورەکان ژنان بەژمارەی زۆر هاتنە بازاڕی کارکردن، بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا ژن دەرفەتی کاری بەکۆمەڵ لەدەرەوەی ماڵ بۆ ڕەخسا، بازاڕی کار سەرەڕای پیاوان پێویستی بە هێزی کاری ژنان بوو، سەرەڕای ئەوەش کرێی کاری ژنان لەچاو پیاوانی کریکاردا لەخوارتر بوو هەلومەرجی ژیانی زۆر نالەبار بوو، داکۆکی کارانی مافەکانی ژنان باوەڕیان وابوو ژنانیش پێویستە خاوەن مافی سیاسی یەکسان بن لەگەڵ پیاواندا، لەم ڕوانگەیەوە داواکاری بۆ مافی دەنگدانی ژنانی سپی پێست و خاوەن موڵک دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا مافی دەنگدان بۆ ژن و پیاوانی ڕەش پێست بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. کارکردن لەسەر چالاکی و جوڵانەوەی ژنان و بیرۆکەی کردنی 8ی مارس بە ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕیتەوە بۆ ئەو خۆپیشاندانەی ژنانی کریکار لە نیۆیۆرک لە سالی 1857 بۆ نارەزایی دەربرین بەرامبەر هەلومەرجی کار بەرپا کرا، دواتر وەک ڕۆژێکی پڕشنگدار لە خەباتی ژنان 8ی مارسی 1917 لەروسیا بووە یەکەمین هەنگاوی ئەو شۆرشەی بەشۆرشی شوباتی 1917 ناسراوە، دواتر خودی ئەو شۆرشەش بووە سەکۆی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لەدوای شۆرش بەهەوڵی ئەلکساندرا کۆلۆنتای یەکێک لە هەڵسوڕاوانی ناسراوی جوڵانەوەی ژنان و یەکەمین وەزیری ژن بوو، دەسەڵاتی سۆڤیێتی لە روسیا 8ی مارسی وەک رۆژیکی پشووی رەسمی راگەیاند. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی 1917 لە سۆڤیەت و ڕاگەیاندنی یاسای یەکسانی ژن و پیاو و دابینکردنی مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتیەکانی ژنان و بەڕەسمی ناسینی مافی دەنگدان بۆ ژنان، لەژێر گوشار و کاریگەری ئەو تەوژمە جیهانیەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ بزوتنەوەی ژنان وڵاتانی ڕۆژئاوا ناچار بوون مافی دەنگدانی ژنانیان بەڕەسمی ناسی.

لەگەڵ گەشەکردنی بزوتنەوەکانی ژنان لە جیهان و هەڵکشانی داواکاری و خەبات و تێکۆشانی ژنان لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیان، پێبەپێی بزوتنەوەکانی ژنان لە جیهان لە هەرێمی کوردستان گەشەکردنی بزوتنەوەکانی ژنان هەنگاوی نا. بەمەبەستی بەدەست هێنانی مافەکانی ژنان و هەوڵی گۆڕینی ئەو ڕێسا و یاسا و داب و نەریتانەی دژی ماف و ئازادیەکانی ژنان بوو، هەرچەندە کۆسپ و ڕێگری بۆ بزوتنەوەکانی ژنان دەکرێت، بەڵام هەوڵی بەردەوامی ژنان بۆ گەشە و پێشخستنی بزوتنەوەکانی ژنان و بەشداری خۆپشاندان و نارەزایی بەردەوامیان ئەنجام داوە بۆ داواکردنی مافی ژنان و پێدانی ماف و یەکسانی و ئازادیەکانی ژنان.

# واقعی ژن لە ڕابردو و ئێستای لەکۆمەڵگەدا

شوانە حەسەن

گەر سەیر بکەین، بە درێژای مێژوو بە تایبەت مێژووی ناوەراست ژن وەک بونەوەرێکی ناتەواو سەیر کراوەو دابەزیوە بۆ نزمترین ئاست، واتە کۆیلایەتی رەگەزی زۆربەی کات لەلایەن نیزامە چەوسێنەرەکانەوە درێژەی پێدراوە..

ئەو شارستانیەتانەی کە تەنها هەولیان داگیرکاری و تالانکردن بوو، بەزۆری تەنها نێرینە رۆڵی هەبووە تیایدا و ئافرەت بەشداری شەریان نەدەکرد، یارمەتی باوکانیان نەدەدا، بۆیە وا هەستیان دەکرد مێینەکان بونەتە بارگرانی بەسەریانەوە، بۆیە هەر بە چاوێکی نزم سەیر دەکران.

بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو شارستانیەتەکان مافی ئافرەت پێشێل کرابوو لەگەل بوونی هەندێ جیاوازی لە رووی رەفتارو پێشێلکاریەکانەوە.

لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بە هەمان شێوە ئافرەتان لە ژیانێکی ناتەواو نالەبار دەژیان و هیچ یاساو ڕێسایەکی بەرچاو نەبوو بەرگری لە مافەکانیان بکات

ژن لە نێو ئەدەبیات دا دیارە جیاوازیەکی زۆر بە دی دەکرێ لە نێوان ئەو وەسفەی کە لە نێو ئەدەبیات باسکراوەو لەگەل ژیانە راستەقینەکەی کە لە زۆربەی کات دا ژن وەک ژێر دەستەیەک سەیرکراوە، جیاوازیکی زۆر بەیان دەکرێت لە ئەدەبیات ژن تا پلەی خواوەند بەرز کراوەتەوە وەلێ لەگەل ئەو کلتورە بەجێ ماوە و یەک ناگرنەوە ..دەبێ بپرسین ئەو ژنەی ناو ئەدەبیات کێیەو لەکوێیە؟ ئەو ژنەی لای خانەوادەو مێردی گیرۆدەی کێیە؟ پێش ئەوەی وەلامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، دەکرێت بڵێین بەگشتی لە کۆمەڵگەی کوردی ژن وا ڕاهێنراوە لەگەڵ بونیادی دەستبەسەرداگرتندا، بۆیە ئێستا بەشێکی ژنان نازانن ئازادی چۆنە واتە خویان بەژیانی کۆیلایەتی گرتووە، بەداخەوە هەندێکیان پارێزگاری لەو دۆخە دەکەن و وەک ئەوەی لەناو قەفەسێک بن و ئازادی شتێکی نامۆ بێت لایان.

بۆ وەلامی ئەم دوو پرسیارە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد کە "ژن" ی ناو ئەدەبیات کێیە؟ و لە کوێیە؟ ئەوە تەنها لە خەیاڵی جوانەکان ومەعشووقەکانن، لەلایەن نووسەران و فەیلەسووفان، بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم ئەو ژنەی لای خانەوادەو مێردی گیرۆدەی کێیە؟ دابوونەریت و مرۆڤە سەرمایەدارو بەشێک لەمرۆڤە ئاینەکان، کاتێک ئەو ستەمە پیاوسالاریە دەرهەق بە ژنان دەکرێت و مافیان پێشێڵ دەکرێت، تاوانەکانیش لە نەبونی ئازادی و مافەکانی تاکەوە دەست پێ دەکەن..!

لە وڵاتی پاکستانی ئیسلام کچان لە "٩"ساڵانەوە هاوسەرگیریان پێ دەکرێت، جگە لەم ناهەقیانەی دەرهەق بەمانە دەکرێت، زۆرجار جگە لە گەورە بە بچوک، لەبڕی خوێن هاوسەرگیریان پێ دەکرێت، لە کۆتایدا پرسیارێک بۆ هەموو" ژن"ێک بەجێ دێڵم بۆئەوەی وەلامی خۆیان بدەنەوە ئایا گەر تەمەن بگەڕێتەوە ئازاد بیت لەوەی هاوسەری خۆت هەڵدەبژێریەوە؟

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، هیوا سالح، حەکیم میرزا**



## دوو کیلۆ پەتاتە

**ئارام حەسەن**

لە قاوەخانەکە دانیشتبووم، پیاوێکی گەنمڕەنگی باڵابەرزی لاواز، بە کراسێکی سپی چڵکن و پانتۆڵێکی ڕەشی چرچەوە لەبەردەم مێزەکە ڕاوەستا، ڕەنگی مووەکانی سەر و سمێڵی ماشوبرنجی بوون، خودی شەکەتبوون لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە، دەستە ماندووەکانیشی دەلەرزین... بەدەم تەماشاکردنمەوە دەستی درێژکرد بۆ تەوقەکردن، گوتی :ـ "ئەزانم نامناسی، من کەسێکی ونم، مەپرسە کێم و کێ نیم، لێگەڕێ با هەر ونبم و کەس نەمناسێ، بەڵام من جەنابت ئەناسم، تۆ ئارام حەسەنی "ـ "بەڵێ ئەوم، فەرموون دانیشن قاوەیەک بخۆنەوە "ـ "سوپاس، من چایی ئەخۆمەوە "پیاڵەکەی هەڵگرت، دەستیکرد بەقسەکردن، دڵی زۆر پڕبوو، وەک ئەوەی تەواوی ئەم سەرزەمینە بەسەر شانی ئەوەوە بێت. گوتی :ـ "من لە ساڵانی هەشتاکانەوە ئەنووسم، بەڵام وەختێ بەهەزار دەردەسەری و کوێرەوەری دیوانە شیعرێکم بەچاپ گەیاند و خستمە بازاڕەوە، دوو کیلۆ پەتاتەی نەکرد بیبەمەوە بۆ منداڵەکانم "ـ "جەنابتان کێن؟ "ـ "بۆ خۆناساندن نەهاتووم، تەنیا ئەمەوێ ئەوە بزانی، کە من زۆر هیلاکم، لەوەتەی هەم بەدوای نانا ڕائەکەم، هەربۆیە پێشتر لە شیعرێکا بە (خوا)م وتووە)) :وەرە خوارەوە تۆش وەکو من ڕاکە بەدوای نانێکا بزانم گەر دەستت نەکەوت چۆن ئەتوانی ڕووبکەیتەوە ئاسمان ((دواتر پیاڵەکەی دانا و هەستا، تەوقەیەکی تری لەگەڵ کردم، ئیتر بێئەوەی پێمبڵێ کێیە، بەرەو جادەی مەولەوی ڕۆیشت!

## بەشێکی تر لە دەقی دەستێك لە مردن. ڕادەگرم

هەر کە لێرەوە ڕۆیشت، ڕای
دەگرم
کاتژمێرەکەی دەستی خۆمی پێ
دەبەخشم
پێی دەڵێم ;
وەرە ،با هەناسەم لەسەر
هەناسەت موتوربەکەم
ئەدرێسکەمان بگۆڕینەوە
تۆ ببە بە ژیان و منیش مردن!!
تۆ ببە بە سەرخۆشێکی
بەدەمەست و
منیش سۆفیەکی گۆشەگیر!!!
ڕایدەگرم، هەموو شتێك ڕادەگرم
ئاخر بەم سەرە شکاوەی خۆمەوە
ناتوانم، بێزاری چۆلەکەیەك
بخوێنمەوە
پێی بڵێم،،
وەرە با پێکەوە خۆمان بکوژین،
پێکەوە تابوتەکەی خۆمان،
بەدوای یەکتردا ڕاکێشین.
ئەم دونیایە پڕە لە تاوان،
پڕە لە خۆکوشتن،
ئەگەر بڕواش ناکەن، لە ژنەکەی
دراوسێمان،
بپرسن!!!
ئەو، دەمێك نیە لە گۆڕستان
گەڕاوەتەوە
گۆرانیەکی تازە فێربووە،
لەمردووەکانەوە
پێش لەوەی شتێك بڵێت ،
سەری بەناو کۆشیدا شۆڕ
دەکاتەوە
خۆی ڕادەوەشێنێت و
دەڵێت;
هەموو دانیشتنەکانتان لێ
تێکدەدەم،
خۆشیتان دەخەمە ژێر
پێڵاوەکەمەوە
ئێوە مردوون،
ئێوە تەنیان،
ئێوە شەڕبەم ژیانە بۆگەنە
دەفرۆشن.

ڕای دەگرم، هەمووشتێك
ڕادەگرم
خۆم بە بڕیارێکی خۆم!!!
حوکمی سێدارە بەسەر
خۆمدا دەسەپێنم
ئاخر من ناتانم هەتا هەتایە،
زیندانی ئەبەدی بم
دەبێت ..لەم گەمە شێتانەیە بێم
دەرێ و
ژیانی خۆم بەمە بە خەنجەرو
بەسەر جەستەی هەلا هەلای
خۆمدا،
وەك دایکی، پێشمەرگەیەکی
کەساس
بەسەر گۆڕەکەیخۆمدا
بلاوێنمەوە.

ڕای دەگرم!!!
ئەوەی بەبێ پاسپۆرت بە
گەرەکەکەماندا بڕوات ڕای
دەگرم،
جانتاکەی دەکەمەوە،
کتێبەکانی دەدڕێنم
هەناسەی بەو ناوەدا پەرژو بڵاو
دەکەمەوە
سەری بەرد باران دەکەم،
چەترەکەی لێ دەسەنم،
گۆڵانی ناو گیرفانی چاکەتەکەی،
سەرەوخوار
هەڵدەواسم
بەدەنگە گرەکەی خۆم بەسەریدا
دەنەڕێنم و
پێی دەڵێم ;
ئەم جارە بەبێ پەنجە مۆری
مردنەوە،
لێرەوەنەڕۆیت.
ڕای دەگرم!!!
کەمردنلێرە ڕۆیشت، ڕایدەگرم
گیرفانەکانی دەگەڕێم،
پەرە پەرەی پاسپۆرتەکەی هەڵ
دەدەمەوە
بەدزی خۆمەور بە گوێیدا



دەچرپێنم،
دەڵێم;
چێت پێیە بۆبەهەشت لێرە دای
نێ و
شتەکانی جەهەننەم لەگەڵ خۆت
بەرە.

ڕای دەگرم!!!
ئەمەوێت لەسەر سوچی
کۆڵانەکەی ماڵی خۆمان
دەستێ لە مردن ڕاگرم!!
ئیتر وەك جاران سەرم ناگرم
بەدەستمەوەو
بە ناو ئەم هیچستانەی خۆمدا
ڕاناکەم و
جانتاکەم بەتاڵ ناکەمەوەو
ئاوێنەکەی جارانم، بەلای
سێبەرەتەنیاکەمەوە
دادەنیم.

ڕای دەگرم!!!
ئیتر بیرلە خۆکوشتن ناکەمەوەو
لە خۆم زیاتر، ئێخەی هیچ
کەسێك ناگرم
ئەوان بیرم دەکەن و خۆشیان
دەوێم!!
کەچی کەسێکیان نامەیەکی
بێتاقەتیان بۆ نەناردم
ڕای دەگرم، هەموو شتێك
ڕادەگرم.....

میرزا
١١/٧/٢٠١٩



عوسمان قادر

## خەم و ئازار

تەخت لەسەر دڵی زامەکان ڕاکشاوم
سیسەمەکەم برینێکە
کرمی بێ هیوایی لێ ئەوەرێ
سەرینەکەشم دوو دەستی درێژی خۆمن
ئەو دەستانەی
تەژی بوون بە ئازار و برینی نابەرابەری
کتێبێکم پێیە ناونیشانەکەی
( کاولستانی خوارو )ە
خەیاڵم ڕۆشتوە بۆ دوور
بۆ قەدەری چوار ملێۆن مرۆڤی سقیل
کە لە دڕکی زبری تاڵانچێتیدا
مردنی هێواش نۆش ئەکەن
بیرم لای ئەو سفرەی هەژارەیە
لەبری گۆشت بڕێ مرەبای (تۆڵە)ی لەسەرە
ئەمرم بەو خەیاڵەوە
کەی لەگەڵ چرۆی گوڵە نەرگزدا
ملهوڕێش ببێتە مێژوو
وێڵی ونبێ و کلکی ببڕێ .
ئەرێ بەڕاست ئەمە وڕێنەیە ئەیکەم
یان نامرم و ڕۆژێ هەردێ و
هەر ئەبێنرێ ؟



## بەرهەمی تازەی هونەرمەند بیریڤان محەمەد



ئەدەب و هونەر ئاوێنەی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانن




## کاری هونەرمەند هیوا سالح



# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

### قەیرانی سودان: هەزاران کەس یادی چلەی هێرشکردنە سەر مانگرتنی بەردەم بارەگای گشتی سەرۆکایەتی سوپا دەکەنەوە




ڕۆژی شەممە ١٣ی تەمووزی ٢٠١٩، هەزاران کەس لە سودان ڕژانە سەر شەقامەکانی خەرتومی پایتەخت پایتەختی سودان بۆ یادکردنەوەی تێپەڕبوونی ٤٠ ڕۆژە بەسەر هێرشی ئەنجومەنی سەربازی بۆسەر مانگرتوانی بەردەم بارەگای گشتی سوپا، کە بووە هۆی کوژرانی دەیان کەس لە خۆپیشاندەران. خۆپیشاندانی ئەمڕۆ، بەیەکەم خۆپیشاندان دەژمێردرێت لە دوای ڕێکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەنجومەنی سەربازی پیش هەڵبژاردن.

هەرچەندە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی کۆتایی بەندەکانی ڕێکەوتنەکە ڕانەگەیەنراوە و واژۆی لەسەر نەکراوە، بەڵام کۆمەڵەی پیشەوەرانی سودان ڕۆژی هەینی ١٢ی تەمووز ڕایانگەیاند کە کۆپیەکیان لە ڕەشنووسی دەستووری ڕاگەیەنراو لە ڕێکەوتنە سیاسیەکەی نێوان هێزی ئازادی و گۆڕانکاری و ئەنجومەنی سەربازی بەدەستگەیشتووە.

کۆمەڵە لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆیاندا، جەختیان لەوە کردۆتەوە کە ئەو ڕەشنووسە" کۆتایی نییە"، و بۆ واژۆی کۆتاییش لە ئێستادا، بەڵام باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و سەرنج و تێبینی لەسەر دەکرێت، و تێبینیەکان بەشێوە یاساییەکەی ئامادە دەکرێت و لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممە دەخرێتە بەردەست.

نێوەندی کاری یەکێتی ئەفریقا( محمد حسن لبات) گووتی "هەردوو لایەنی ئەنجوومەنی سەربازی و یەکێتی هێزەکانی ئازادی و گۆڕانکاری ڕێکەوتوون لەسەر ڕاگەیاندنی سیاسی کە تێیدا دەزگا جۆراوجۆرەکان دیاری دەکرێن".

ڕاپۆرتەکان ئەماژەیان بەوەکرد کە سەدان خۆپیشاندەر لە گەڕەکی بری لە خەرتوومی پایتەخت، کە زوربەی دانیشتوانەکەی لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە و بە لانکەی سەرهەڵدانی زۆرێک لە ناڕەزایەتیەکان دادەندرێت، هاواریان دەکرد و ئەم شیعارانەیان دەگووتەوە "خوێن لەبەرامبەر خوێنە، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتێکی مەدەنیش بگرینە دەست".

شایەدحاڵەکانیش گوتیان کە هێزە ئەمنیەکان تەلی دڕکاویان بەکارهێناوە بۆ داخستنی ڕێگای سەرەکی کە دەچێتەوە سەر کۆمەڵگەی وەزارەتی بەرگری، ئەو شوێنەیە کە مانگرتنەکەی تێداکراو سەرکوتکرا لە حوزەیرانی ڕابردوو.

لە شاری ام دەرمانیش سەدان خۆپیشاندەر لە شەقامی چلەمینی سەرەکی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. هەروەها هەزاران لە ود مدنی پایتەختی ویلایەتی الجزیرە. هەروەها هەندێکی کە لە پۆرت سودان پایتەختی ویلایەتی دەریای سوور و ئەل ئەبیەز پایتەختی باکووری کردفان خۆپیشاندایان ئەنجامداوە.

بەپێی لیژنەی ناوەندی پزیشکانی سودانی کە نزیکە لە ئۆپۆزسیۆن، کۆی ئەوانەی لەخۆپیشاندانەکان تاوەکو ئێستا کوژراون نزیکەی ١٢٨ کەسە، لەکاتێکدا حکومەت باس لە ٦١ کەس دەکات.




### هەزاران ئەمەریکی لە نزیک سنووری مەکسیک خۆپیشاندانیان کرد دژ بە (سەربازگەی گیراوەکان)ی کۆچبەران.

سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ١٣ی تەمووز، هەزاران کەس لە خەڵکی ئەمەریکا لە شاری سان ئیسیدرۆی سنوورەکانی مەکسیک و ئەمەریکا کۆبوونەوە بۆ ئیدانەکردنی سیاسەتی ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا لەبەرامبەر کۆچبەران. خۆپیشاندەران بەگووتنەوەی ئەم شیعارانە ڕێیان دەکرد "هەرئێستاکە ئازادیان کەن" و داواکاریان دەکرد بۆ داخستنی ئەو خیوەتگایەی کە کۆچبەرانی تێدا گیراون، وەک باسی دەکەن" سەربازگەی گیرانی ڕاستی".

لەسەرەتای ڕێپێوانەکەدا کە بەرەو ناوەڕاستی شاری سان ئیسیدرۆی سنووری لە ویلایەتی کالیفۆرنیا، منداڵان وەرەقەی ئەلەمنیۆمیان بەخۆدادابوو، وەک هەمان وەرەقەی ئەلەمنیۆمیە کە کۆچبەرەکان وەری دەگرن کاتی دەستبەسەراگرتنیان. ئەو ناوەندە سنووریە کە زۆر قەرەباڵەغە، دەکەوێتە بەرامبەر شاری تیخوانای مەکسیکی. هەندێکی دیکەیان بە سەماکردنە فۆلکلۆریەکانەوە ڕێیاندەکرد لەناو بۆن و بەرامی بخوور.

خۆپیشاندەران لافیتەیان بەرزکردبۆوە لەسەری نووسرابوو "سەربازگەی گرتوان داخەن"و" شوێنی منداڵان زیندان نییە" و" ئێمە نازی نین".

هەروەها خۆپیشاندان لە زۆر شاری دیکەی ئەمەریکا کرابوو، وەک لۆس ئەنجلۆس و واشنتۆن، دوای تێپەڕبوونی ١٠ ڕۆژ بەسەر لێپێچینەوە لە ناوەندی گیراوەکان و قەرەباڵەغی تێیدا.

..........



### جەزائیر: نوێبوونەوەی خۆپیشاندان بۆ ٢١هەمین هەفتە، سەرەڕای هۆشداری لەلایەن سوپا و لەژێر سایەی بۆشایی دەستووریدا.

بەردەوامی خۆپیشاندان بۆ ٢١ هەفتەی لەسەریەک، سەرەڕای هۆشداری دانی سوپا، لەژێر سایەی تەواوبوونی مۆڵەتی ٩٠ ڕۆژ بەپێی دەستوور بۆ سەرۆکی کاتی عبدالقادر بن سالح دیاری کرابوو.

خەڵکی جەزائیر بەژمارەی زۆر دووبارە هاتنەوە شەقامەکان، دوای ئەوەی شەوێکی پڕئاهەنگ گێڕانیان بوو بەبۆنەی سەرکەوتنی هەلبژاردەی جەزائیر بۆ کۆتایی خولی جامی ئەفەریقا بۆ تۆپی پێ لە میسر.

یەکەم هەینی تێپەڕی بەسەر تەواوبوونی ماوەی سەرۆکی کاتی عبدالقادر بن سالح، بەپێی دەستوور ٩٠ ڕۆژی تەواوکرد. بن سالح ڕایگەیاند کە وەک سەرۆک بەردەوام دەبێت تاوەکو هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ وڵات، لەکاتێکدا هیچ کاتێک دیاری نەکراوە بۆ هەڵبژاردن، دوای ئەوەی هەڵبژاردنی ٤ی ئەموز هەڵوەشێندرایەوە بەهۆی نەبوونی کاندید بۆ سەرۆکایەتی.

لەسەروبەندی ئاهەنگەکاندا، سەدان لە ناڕازیان وەک هەموو هەفتەیەک، لە نزیک مەیدانی بەریدی گەورە لە ناوجەرگەی پایتەختدا و لەناو هێزی ئەمنی بڵاوەپێکراوی زۆردا گردبوونەوە. شەقامەکانی شار بە خۆپیشاندەران پڕ ببۆوە. هەروەها خۆپیشاندانی گەورە لە شاری وەهران، کە دووەمین گەورە شاری جەزائیرە و شاری بجایە و تیزی و ئۆزۆ( لە باکوور) ئەنجامدراوە بەپێی ڕۆژنامە ناوەخۆییەکان و قوستەنتینە (لەباکووری خۆرهەڵات) .

دووبارە خۆپیشاندەران لە پایتەختدا داوای "دەوڵەتی مەدەنیان کرد نەک سەربازی"، و هۆشداری سوپایان پشتگوێخست، بە گووتنەوەی شیعاری" شیعارە ناڕاستەکان" لەبەرامبەر باوەڕ نەبوون و متمانەیان بە بن سالح.

**ئازادی تەواو و بێقەید و شەرتی ڕێکخراوبوونی کارگەران مافێکی سەرەتایی چینی کارگەرانە و دەبێ بە فەرمی بناسرێت!**

# دیمانه هاوپشتی "همبستگی" لەگەڵ مەنسور حیکمەت دەربارەی له باربردنی منالٚ

## بەشی سێهەم



سورەیا شەهابی: هەندێ کەسی تر "بەتایبەت بەشێک له فیمینستەکان" حیزب بەوه تاوانبار دەکەن که لەبەرئەوەی که کورپەله به ئینسان دائەنیت، سەرەنجام دەبێ وەکو مەزهەبیەکان سپیرم-وه نەک سپیرم و ئوڤول (هێلکه) هەردووکیان- هەم به پیروز بزانێ و هەم به سەرچاوەی ژیان! ئەمانه ئەو ئەنجامگیریه دەکەن که کەواته بەپێی تێڕوانینی بەرنامه، له بنەڕەتدا دەبێ بەرنامه مخالفی هەر جوره پێش پێگرتنێک بێت له حامله بوون.

**منصور حکمت:** سپیرم وه هەروەها داوای لێبووردن ئەکەم ئوڤولیش، هیچ پیرۆزیەکی تایبەتیان نییه. باسەکه زور به ڕۆشنی سەبارەت به بوونەوەریکی تازەیه که به یەکگرتنی ئەم دووانه هاتوته بوون و گەشەی خوی دەست پێکردووه. بەلام باسی ڕێزدانان بو ژیانی ئینسانی باسێکی بایولوژی نییه. باسێکی فەلسەفییه. یان باشتر بلێم، ڕێزدانان بو ژیانی بایولوژی ڕەنگدانەوەی ڕێزدانانی فەلسەفییه بو ژیان. ڕێزدانانه بو پوتانسیل و محتەوای ژیانی ئینسانی ئەم ڕێزدانانه نیشانەی ژیری ئینسانه نەک پەنابردن (توکل)و خورافەی دینی. ئەگەر ژیانی ئینسانی بەهەر شێوەیەک بێ حورمەت بکرێت، ژیانی ئینسانه کونکرێتەکانیش، ئەو ئینسانانەی که بەواقعی مەوجودن، بێنرخ دەکریت. ژیانی ئینسانی نەدابەشکرن هەلٚئەگرێ و نەپله پله کردن. هیچ پەیوەندیەکی به سەربەخویی و بزووتن و جموجولٚ و تەمەن و شعورو ڕەنگ و ڕەگەز و میللەت و زەمان و مەکان و لەشساغی یا نوقصانی ئینسانەکانەوه نییه. باسی ئێمه، لانیکەم باسی من وەکو نووسەری بەرنامەی حیزب، ئەمه نییه که ئێمه دەبێ هێلکەی پیتراو و خانەکانی سەروەختی دابەش بوون به "پیروز" بزانین. باسەکەی من ئەمەیه که کومەڵگەیەک که دەرهینانی کورپەله لەسکی دایکدا و پچرینی ڕەوتی ژیانیک که دەستی پێکردووه تەحەمول دەکات و هیچ ڕێگریەکی بۆ دانانێت، چ جای ئەوەی که وەکو ڕێگای پێشگرتن له زیادبوونی دانیشتوان، مەرجی درێژەدانی ژن به خوێندن، مەرجی خوٚلادان له هەژاری و شتی تریشی دابینێت، هیچ نرخێک بۆ ئەو ئینسانانەش دانانێت که له بارنەبراون. بەسووک سەیرکردنی کورپەله ڕەنگدانەوەی بەسووک سەیرکردنی ئێمەیەو ئەم بەسووک تەماشاکردنەش ئەچەسپێنێ. ڕوژێک له ڕوژان نەوەکانی دوای ئێمه شارستانیتی ئێمه دەخوێننەوەو لەبەرامبەر نەریتی له باربردنی منالٚدا سەرسام دەبن. هەر بەو جۆرەی که ئێمه لەبەرامبەر قوربانیکردنی لاوان لەبەردەم بارەگای خواوەندکانداو سووتاندنی "ژنه ساحرەکان" که له ڕۆژی خۆیدا ئەم کارانه بەهەمان ئەندازه بەپێویست ئەزانران بۆ جوابدانەوه به گرانیو نەهاتیو تەنگانه ئابووریو مەعنەویەکانی کومەڵگە، سەرمان سوڕدەمێنێ. ئەوانیش ئەم نەریته وەکو نیشانەی درندەیی ئێمه و بێ نرخی‌ی ئینسان له سەردەمی ئێمەدا سەیر دەکەن. وه له وەلامی دوا خالٚدا، ڕێگا بدەن بپرسم چ کەسێک زیاتر بەخەمی پێشخستن و پەرەپێدانی شێوازەکانی پێشگرتن به حەملەوەیه، ئەو کەسەی که دەیەوی له باربردنی منالٚ وەکو کارێکی تالٚ و ناخۆش خۆی لێ لابدرێت، یان ئەو کەسەی که له باربردنی منالٚ وەکو ڕێگاچارەیەکی بێ عەیب و قابیلی قەبولٚی تر چاو لیدەکات بو مندالٚ نەبوون و کونترولٚکردنی ژمارەی دانیشتوان؟

**سورەیا شەهابی: له سبەینێی ئالٚوگوڕه سیاسیەکانی ئێراندا، کاتێک داواکاریەکانی بەرنامەی حیزبی کومونیستی کرێکاری ئێران وەکو قانوون پەسەند بکرێنو لەباربردنی منالٚ قانوونی ببێتەوه، ئیحتمالی ئەوه زوره که دەمودەست ئاماری لەباربردنی منالٚ بچێته سەرەوه. پەسەندکردنی قانوونی ئازادی لەباربردنی منالٚ هەنگاوێکی فەوری‌یەو دەوڵەت ئەرکیتی جێبەجێی بکات و لەبەرچاوی بگرێت، لەحالٚێکدا که ئاموزشی بەرفراوانی ڕێگاکانی (منع)، ئاموزشی جنسی و ڕەخساندنی ئیمکاناتی پەیوەندی جنسی‌ی سالمو پارێزراو پروسەیەکی دوورو درێژترەو پێویستی بەکات دەبێ، ئایا ئەم زیادبوونه فەوریەی ئاماری له باربردنی منالٚ ناکوک نییه لەگەلٚ ئامانجی بەرنامەدا که کەمکرنەوەی حالٚەتەکانی له باربردنی منالٚه، وه ئایا لەبەرامبه نەیارانی له باربردنی منالٚ لەسەر حەق نین که ڕەخنه له جێبەجێکردنی فەوری ئەم بەندەی بەرنامه بگرن؟**

**منصور حکمەت:** یەکەم، ئەمەی که ئاماری منالٚانی له باربراو تەنانەت له کورت ماوەشدا ئەچێته سەرەوه، حەتمی نی‌یه. به بڕوای من ناچێته سەرەوه، چونکه ئەو مەقاییسانەی که دەبێ لەگەلٚ یەکتر بەراورد بکرێن ئاماری کرداری له باربردنی منالٚ نی‌یه لەماوەی پێش قانوونی بوونەوەو پاش قانوونی بوونەوەدا، بەلٚکو دەبێ کۆی منالٚ له باربردنەکان (به ڕەسمی و نهینی‌یەوه) و "منالٚ فڕێدانەکان" له لایەن خودی دایکەوه، لەو دوو دەورەیەدا لەگەلٚ یەکتر بەراورد بکرین. له ئێراندا حالٚەتەکانی منالٚ فڕیدان له لایەن خودی دایکەوه، له ڕێگەی هەلٚگرتنی شتی قورس و خوبەردانەوه وشتی ترەوه، زۆر زۆره تا ئەو ڕادەیەی که ئەم کرداره بۆته بەشێک له فولکلوری ئەم ولاته. ئەم حالٚەتانەی "له باربردنی منالٚ" له هیچ جێگایەک تومار ناکرێن. قانوونیکردنی له باربردنی منالٚ ئاماری چوونه لای پزیشک بۆ له باربردنی منالٚ بەرەو سەر دەبات، بەلٚام لەبەرامبەردا ئاماری ئەم جوره مندالٚ فڕێدانانه کەمتر دەکاتەوه. له لایەکی تریشەوه کەم بوونەوەی حالٚەتەکانی منالٚ فرێدان یان له باربردنه نهینییەکانی منالٚ به قازانجی له باربردنی یاسایی منالٚ، کومەک بەوه دەکات که ئەم ژنانه هەلٚسوکەوت لەگەلٚ هەندێ دەزگاو ئۆرگاندا بکەن، که به گوێرەی بەرنامەی ئێمه کاریان کومەککردن و حمایەی ماددی و مەعنەوییه لەوان، وه یەکێک له کارەکانی ئەم ئۆرگانانه هەولٚدانه بۆ هاندانی دایکان تا منالٚەکانیان لەبار نەبەن و مافەکانی دایک و منالٚ و ئەرکەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەیان بۆ ڕۆشن بکەنەوه بەرامبەر بەوان. ئەوه شتێکی چاوەڕوانکراوه که ڕێژەیەک لەو ژنانەی که دەچن بۆلایان ئامادەبن واز له منالٚ لەباربردنەکەیان بهێنن. من ئەو تخمینه ئامارییەی تۆ له ئاکامەکانی یاسایبوونەوەی منالٚ لەباربردن به موحتەمەل نازانم.

دووەم: هەروەکو وتت بەرنامەی ئێمه به تەنها باس له قانوونی بوونەوەی له باربردنی منالٚ ناکات، بەلٚکو کومەلٚێک هەنگاوی دەم ودەست وحەیاتی تێدایه بۆ سالم و پارێزراوکردنی پەیوەندی جنسی و بەرینکردنەوەی به کاربردنی پێداویستی‌یەکانی (منع). ئەوەم قبولٚه که گوڕینی پەیوەندی جنسی ئازادو سالم و پاریزراو به بەشێکی جێگیرو سەلمێنراوی فەرهەنگی کومەلٚگه حەتمەن کاتی دەوێ. بەلٚام چەند بەرابەرکردنی بەکارهینانی وەسائیلی (منع)و کەلٚک وەرگرتنی زیاتر له کاندۆم و ئای.یو.دی( I.U.D )، کاتێک که دابینکردنی خوڕایی ئەمانه ببێته سیاسەتی دەولٚەت، کاتێکی زۆری ناوێ. ئەکرێ ئاماری حاملەبوونی نەخوازراو بەخێرایی بهێنرێته خوارەوه. کاتێک قسه دێته سەر بەرقەرارکردنی شێواز و معیارو نەریته مودێرنەکان له ئێراندا، زور کەس دەستبەجی تەصویری گوندنشینه دوورەکان له خەلٚکی ئێران بەدەستەوه دەدەن و نالٚەیان لێ بەرز دەبێتەوه که خەلٚکی "فەرهەنگی ئەمەیان نییه". بەلٚام ئێران بەگشتی کومەلٚگەیەکی شاری‌یه، زوربەی ئەم خەلٚکه لاوانێکن که دەچنه قوتابخانەو تەنانەت ئەگەر دانیشتوانی دێهاته دوورەکانیش بن، بیرو هۆشیان بەلای شارو ئەلگۆ هاوچەرخەکانی ژیانەوەیه. خەلٚکی ئێران "میللەتی" ڕوژنامەی "توفیق" و "ئوممەتی" جەماعەتی خومەینی نین. ئەندامی کومەلٚگەیەکی سەرمایەدارین له دوا دوایی سەدەی بیستەمداو له کورەی گوڕانگارییه فەنی و اتصالاتیەکانی ئەم سەردەمەدان. کەمپینی ئاموزشی جنسی و پەرەپێدانی وەسائیلی منع لەئێراندا، بەڕای من له ئاستێکی زور بالٚادا دەچێته پێشەوه. هەلٚبەته دەبێت واقعیەتێک لەبەرچاو بگیرێت. ئەم کاره بەبێ خەباتێکی لیبراوانه له دژی ئیسلامیەکان و کونەپەرستان عەمەلی نی‌یه. ڕەوتێک دەتوانێ ئەم بەرنامەیه بەدەستەوه بگرێت که له رووی سیاسیەوه پابەندی خەباتیکی لیبڕاوانه بێت له دژی دەمارگیری دینی و کۆنەپەرستان. وه ئەمه بەرله هەر کەسێک کاری چینی کرێکارو کۆمونیستەکانه.

بەهەرحالٚ کەمکرنەوەی حالٚەتەکانی له باربردنی منالٚ له گرەوی دوو فاکتەری سەرەکیدایه. یەکەم، پەرەگرتنی پەیوەندی جنسی سالم و پارێزراو و دەست ڕاگەیشتنی هەمووان به ئیمکاناتی خوڕایی و مناسبی منعو، دووەم، خەبات له دژی پیاو سالاری و دژەژنی نەک تەنها له ئەفکاردا، بەلٚکو له علاقات و پەیوەندی‌یه ئابووری و کومەلٚایەتیەکاندا، به جورێک که حاملەبوون و منالٚ بوون و دایکایەتی بچووکترین کاریگەری خراپ لەسەر مەوقعیەتی ئابووری و کومەلٚایەتی و پیشەییو مەعنەوی ژنان له کومەلٚگەو لەخێزاندا دانەنێت و مندالٚداری ببێته هەلٚبژاردنێکی ئازادو بەرنامەرێژکراوی خەلٚک و ڕووداوێکی دلٚخوشکەر له ژیانی ئەواندا. قانوونی بوونەوەی له باربردنی منالٚ کولٚەکەی سیاسەتێکی هەمەلایەنەیه بۆ وەدیهینانی ئەم ئامانجه و پێویسته وەکو بەشێک لەناو ئەم کولیەتەدا سەیر بکرێ، نەک وەکو هەنگاوێکی تاقانەو سەربەخۆ.

کەمکرنەوەی حالٚەتەکانی له باربردنی منالٚ له گرەوی دوو فاکتەری سەرەکیدایە. یەکەم، پەرەگرتنی پەیوەندی جنسی سالمو پارێزراو و دەست ڕاگەیشتنی هەمووان به ئیمکاناتی خوڕایی و مناسبی منعو، دووەم، خەبات له دژی پیاو سالاری و دژەژنی نەك تەنها له ئەفکاردا، بەڵکو له علاقات و پەیوەندیە ئابووری و کومەڵایەتیەکاندا...

وەرگێرانی بۆ کوردی: حەمە غەفور

پیاچوونەوەی: سەعید ئەحمەد

هەڵبڕی و نووسینەوەی: بۆپێشەوە

ماویەتی...

# یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

هاوڕێیان!

مەبەستی من لەم نووسینە دەستبردن بۆ مەسەلەکانی سازدانەوەی هەڵسوڕانی حزب لە ناوچەی ژێر دەستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نییە. هاوڕێ ڕێبوار و هاوڕێیانی تر لەم بابەتەوە نووسینیان هەیەو من سەرنجەکانم سەبارەت بەو نووسینانە لە کۆبوونەوەکەدا مەترەح دەکەم. لێرەدا دەمەوێت سەرنجتان بۆ چەند خاڵ ڕاکێشم کە دەبێت سەربەخۆ لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە وەڵام وەربگرێتو بە بڕوای من سەرکەوتنی ئێمە لە داهاتوودا لە گرەوی چارەسەری ئەوانەدایە.

گوشاری ئەم دوواییانەی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر حزب لە عیراقو دەرگیریو داخرانی نووسینگەکانی حزب لە سلێمانی، ئەسڵی مەسەلەی ئەمڕۆی ئێمە نییە. هەروەها گێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ڕوودانی ئەو پێشهاتانەش ناتوانێت وەڵامی ئێمەو ئامانجی ئێمە بێت. بە بڕوای من بەو شێوازەوە کە ئێمە لە کوردستانی عیراقدا هەڵدەسوڕاینو بەو ئاراستەیەوە کە ئێمە گرتبوومانە بەر، درەنگ یان زوو دەبوو ئەو پەلامارەی یەکێتیو پاشەکشەی حزب ببینین. کۆمۆنیزم ناتوانێت جووڵانەوەیەکی ڕۆتینی پەراوێزی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بیت، کە وەکو حزبە بۆرجوازیەکان هەمیشە "هەن"و لە پەراوێزی چەند دەرسەدیکی ئەم کۆمەڵگەیانە درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. کۆمۆنیزم لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا یان دەبێت سەرکەوێت، یان شکستی پێدەهینن، یان دەبێت پێشڕەوی بکات، یان پاشەکشەی پێدەکەن. خاڵێکی هاوسەنگیو نۆرمێکی مانەوەی چەندین ساڵەو ئاسایی بۆ کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ لە وڵاتانێکی دواکەوتوو، کە سەرکوتگەرییو ڕژیمی سیاسی کۆنەپەرست تیایاندا دەسەڵاتدارە، بوونی نییە. ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ڕادیکالیزمی کۆمۆنیستی دەتوانێت لە کۆمەڵگەی وەک عیراق یان کوردستانی عیراق تەلارێکی مێژوویيو یەکێک لە "جێگا سەرنجڕاکێشەکان" بێت کە ساڵەها خەڵک بچن ببیبینو بێنەوە، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەکرێت لە گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگەیەی ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستیی، تەبلیغو هۆشیارکردنەوەی کۆمۆنیستی وەک هەر خزمەتگوزاریەکی ناوشار، وەک ئاوو کارەباو تەلەفۆن، ساڵەها بە شێوەی ڕۆتینی لە بەردەستی خەڵکدا بێت، بۆچوونێکی ناواقیعییە. کۆمۆنیزم نەک بە شیوەیەکی گشتی، بەڵکو بە تایبەت بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی وڵاتانی وەکو ئێرانو عیراقو هاوشێوەیانەوە، بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیو بە تواناو هێزی کردەی سیاسیەوە گرێی خواردووە. کۆمۆنیزمی بێ پەیوەند بە مەسەلەی دەسەڵاتەوە، کۆمۆنیزمێک کە نەخوازێت مەسەلەی نفوزی کۆمەڵایەتی، باڵادەستی سیاسیو حاکمیەت لە ئەجێندای بە پەلەی خۆیدا دابنێت، مەحکوم بە شکستە.

هێرشی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر حزبی ئێمە لە عیراق لە هێرشنەکردنی ئێمە بۆ سەر یەکیتیەوە سەرچاوەی گرتووە. مەبەستم هەرگیز هێرشی سەربازی نییە. مەبەستم هێرشێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمە لە کوردستانی عیراقدا کە دەبوو لە ماوەی ئەم دە ساڵەی ڕابردوودا بکرایە. دەبوو هاسەنگی هێز بە قازانجی ئێمە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهاتایە، دەبوو پێکهاتی ڕابەرانی کۆمەڵگە بگۆڕایە. دەبوو پەیوەستەیی سیاسی خەڵک بە حزبو گروپەکانەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهاتایە، دەبوو کریکارانو ژنانو خەڵکی بێبەش بە حزبەکەیان ئاشنا بوونایەو لە ڕیزەکانیدا یەکگرتوو بوونایە، دەبوو بابەتەکان لە کۆمەڵگەدا مۆری کۆمۆنیستەکانی لێبدرایە، دەبوو هاوسەنگی هێزی سەربازی ئاڵوگۆڕی بکردایەو سەرەنجام دەبوو ئەم ئۆردوە شۆڕشگێڕو ڕادیکالە بۆ دەسەڵات هەڵمەتی ببردایە، دەبوو هەموو دەسەڵاتی بخواستایەو بۆ گرتنی دەستی درێژ بکردایە.

دەبێ بەر لە هەر شتێک واقعیەتێکی بەرچاوی کوردستانی ئەم ساڵانەی دوواییی بە ڕەسمی بناسرێت. واقعیەتێک کە بە بڕوای من زۆر ڕاچڵەکێنەرەو مایەی دەرس وەرگرتنە. بۆ ماوەی دەورەیەکی نزیک بە دە ساڵ ڕەوتی ئێمە لە کوردستان بۆی کراوە کە بە شێوەیەکی یاساییو ئاشکرا هەڵسوڕان بکات. بۆی کراوە کە بە شێوەی یاساییو ئاشکرا ڕادیۆو تەلەفیزیۆنی هەبێت، ڕۆژنامە بڵاوبکاتەوە، نووسینگەی ئاشکرای هەبێت، هێزی سەربازی پێکبهێنێت. هیچ شتێک ڕێگری پەیوەندگرتنمان بە کرێکارانەوە نەبووە. هیچ کەس ڕێگری دروستکردنی پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵک نەبووە. ئێمە مۆڵەتمان هەبووەو لە توانامانداندا بووە کە ڕێکخراوەی جەماوەریو ئاشکرا پێکبهینین. میتینگی ئاشکرا دابنێین. هەلومەرجێکی لەم بابەتە بۆ زۆرێک لە کۆمۆنیستەکان خەونێکە، بۆ نموونە بۆ خودی خۆمان لە ئێران. حزبی ئێمە لە ئێران، ئامادەبوونی کورتماوەی هێزەکانی لە مەریوان وەک ڕووداوێکی گەورە دەبینێتو ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت. لە سلێمانی ئێمە ٢٤ سەعات، شەوو ڕۆژ، بۆ ماوەی چەند ساڵ ئامادەبووین. "شوبات تا ئۆکتۆبەری"[*] ئێمە لە کوردستان ساڵەها درێژەی کێشا، بە کوێ گەیشتین؟

بە بڕوای من پێش ئەوەی پەلاماری یەکێتی نیشتیمانیو بەرتەسکبوونەوەی هەلومەرجەکەی ئەم دوواییە پرسیارێک بخاتە بەردەم ئێمە، ئەم واقیعیەتە دەبێت پرسیار بۆ ئێمە دروستبکات. بەرنامەی ئێمە بۆ پێشڕەویو سەرکەوتن چییە؟ ئەگەر ئەم پەلامارەی یەکێتی بتوانێت ئێمە بۆ ئەم پرسیارە بێدار بکاتەوە، ئەگەر بتوانێت ڕامانچڵەکێنێتو بیرمان بهێنێتەوە کە مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە یەکێتی نیشتیمانی چی لەگەڵ ئێمە دەکات، بەڵکو ئەوە بوو کە ئێمە لە بەرامبەر دەوڵەتی بەعسو نیمچە دەسەڵاتەکانی بۆرجوازی لۆکاڵیی دەمانەوێت چی بکەین، ئەگەر بتوانێت دووبارە مەسەلەی بنەڕەتی کۆمۆنیزم، واتە دەسەڵات بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ ئێمە مەترەح بکاتەوە. ئەو دەم ئەم ڕووداوە دەتوانێت بە ڕاستی خاڵی وەرچەرخانێکی ژیانی ئێمە بێت.

**ئێمەو کۆمەڵگا**

باسی حزبو کۆمەڵگە پێش هەر کەس بە بڕوای من پەیوەندی بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە هەیە. وای بهێننە بەرچاو کە ئێمە توانیبێتمان بارەگاکانی خۆمان لە سلێمانی دووبارە بکەینەوەو سەعاتەکانمان چەند مانگ بۆ دوواوە بگێڕینەوە. پاشان چی؟ بەرنامەو نەخشەی ئێمە بۆ پێشڕەویو سەرکەوتن چییە؟ ئەمە پرسیارێکە کە دەبێ لە لایەن ڕابەرانی کۆمۆنیزمەوە لە عیراق وەڵامێکی کۆمەڵایەتی وەربگرێت. کۆمۆنیزم وەک گروپی گوشار بەهایەکی بەکاربردنی سنووورداری هەیە. بەڵام کۆمۆنیزم بە ناونیشانی ئەلتەرناتیڤێک، وەک ئامرازی بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی خەڵکدا، ئەو شتەیە کە ئێمە تەمەنمان لە پێناویدا داناوە. پێش ئەوەی باسمان بێتە سەر حزبو بارەگاو نووسینگەو ڕادیۆ، پرسیارێک کە من لە ڕابەرێکی کۆمۆنیزمی عیراقم هەیە ئەوەیە کە بەرنامەو ستراتیجتان چییە؟ بوونو نەبوونی ئێوە بڕیار وایە چ شتێک بگۆڕێت؟ دیارە کە ئینسانە ڕادیکالو کۆمۆنیستەکان لە هەر جێگاوشوینێکەوە بێت بۆ بەرگری لە مافەکانی بێبەشان تەقەلا دەکەنو هەوڵ دەدەن ڕووبەڕووی کۆنەپەرستی بوەستنەوە، بەڵام ئەم سەنگەربەندیە ڕۆتینیە بەرگریکارانەیە لە کۆمەڵگەدا ناتوانێت سەرچاوەی دەسەڵاتی کۆمۆنیزمو پایەیەک بۆ هێنانە کایەی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی خاوەن ئیعتیبار بێت. کۆمۆنیستەکان دەبێ ئەوە بڵێن کە چ تەرحێکیان بۆ کۆمەڵگە هەیەو بە کام قۆناغانەداو بە کام هەنگاوانە بڕیارە پێی بگەن. حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق ئەم ئاسۆیەی نییە.

ئەم حەوت هەشت ساڵە گرنگترینو پڕ ئاڵوگۆڕترین دەورەی ژیانی سیاسی عیراق (لە ناو عیراقدا کوردستانیش) بووە. سیمای ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی بێ پێشینە گۆڕاوە. هاوکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لە بناغەوە ئاڵوگۆڕی کردووە. ئەگەر هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕادیکال دەیەوێت لە چارەنووسی ئەم خەڵکەو ئەم وڵاتەدا ڕۆڵێکی جیددی بگێڕێت، ئەمە هەلێک بوو کە بە شیوەیەکی مێژوویی فەراهەم بووبوو. لە ژیانی هەر نەوەیەکدا مەرج نییە هەلی وا تەنانەت یەک جاریش فەراهەم بێت. هیچ کاتێک کۆنەپەرستی لەم وڵاتە بەم ئەندازەیە لاوازنەبووە، هیچ کاتێک خەڵک بەم ئەندازەیە ئامادەی شکاندنی تەوقی ناسیۆنالیزمی عەرەبو ناسیۆنالیزمی کورد نەبووە. هیچ کاتێک هەلومەرج بۆ دەستپێکردنی فەسڵێکی تازە لە مێژووی سیاسی عیراقو کوردستان بەم جۆرەی ئێستا گونجاو نەبووە. ئەمە هەلێک بوو بۆ کۆمۆنیزم کە ببێتە هێزی یەکەمی ئەم کۆمەڵگەیە. حزبێک دەتوانێت بەمە بگات کە یەکەم، بیەوێت ئەم کارە بکاتو دووەم ڕەوەندە کۆمەڵایەتیو مێژووییەکانو هەلومەرجی بابەتیی دەورووبەری خۆی بناسێت. ڕابەرانێکی دەوێت کە خۆیان نەک وەک سەرۆکی ڕێکخراوەکەی خۆیان، بەڵکو خۆیان بە کەسایەتی مێژوویی بژمێرنو بەم توانایيەو بەم چاوەڕوانیەوە لە خۆ بچنە ناو ئەم پرۆسەیەوە. ڕابەری کۆمۆنیست ئەگەر ڕابەری خەڵک نەبێت، ڕابەر نییە. حزبی کۆمۆنیست ئەگەر دەست بۆ مەسەلەکانی کۆمەڵگە نەباتو وەڵام بە پرسیارە گرێییەکانی خەڵکو کۆمەڵگە نەداتەوە، حزبێکی سیاسی نییە. ئێمە تا ئێستاش لە عیراقدا بە وێنەی ڕابەرانی کۆمەڵایەتیو بە ناونیشانی حزبی سیاسی بوونی خۆمان ڕانەگەیاندووە. بە بڕوای من ئێمە تازە وا لە خاڵی دەستپێکردندان. ئەوەی کە لە سلێمانی بارەگامان هەیە یان نا هیچ شتێک لەم بابەتەوە ناگۆڕێت. ئێمە لە بەغداش بارەگامان نییە بەرنامەمان بۆ ئەوێ چییە؟ بە بڕوای من دەبێت لانی کەم وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوەمان لابێت:

١ – ئایا کەسانێکمان هەن کە لە ئاستی عیراقو کوردستاندا ڕابەرانی دەرەجە یەکی خەڵک بنو لەم دەورانە خەتەرناکەدا خۆیان بە چارەنووسی خەڵکەوە گرێ بدەنەوە. کەسانێک کە فەلسەفەی ژیانی خۆیان بە ڕۆڵبینین لە چارەنووسی ملیۆنەها ئینسانو لە مێژووی کۆمەڵگەیەکو وڵاتێکدا دانابێت؟ کەسانێک کە ئامادە بن پێداویستیەکانی بینینی ڕۆڵێکی لەم چەشنە فەراهەم بکەنو مەترسیەکانو گوشارەکانی قەبوڵ بکەن؟ کۆمۆنیزمی کرێکاریی بە بێ بوونی ڕابەرانی سەرتاسەری، ناسراو و جەسور بە هیچ جێگایەک ناگات. ئەم ڕابەرانە دەبێ بەرگریکارانی یەک ئاسۆی هاوبەش بنو سەر بە یەک جووڵانەوەی فیکریو سیاسی بن. پێویستە بەرهەمی ڕەخنەکردنێکی دیاریکراو لە چوارچێوە فیکریو عەمەلیە کۆنەکان بن. دەبێ پێکەوە مەکتەبێکی فیکری-سیاسی نوێ لە ئاستی کۆمەڵگەی عیراقدا پێکبهێنن. دەبێ کۆمەڵگەی عیراق باس لەسەرهەڵدانو پەرەگرتنی جووڵانەوەیەکی کۆمۆنیستی نوێ لە عیراقدا بکات کە هەژموونیو دەسەڵاتی مێژوویی ناسیۆنالیزمی بەسەر سیاسەتو بیرکردنەوە لە عیراقدا بردۆتە ژێر پرسیارەوە. مەکتەبێکو جووڵانەوەیەکی نوێو سەرنجڕاکێش بە ئاڵاهەڵگرانو ڕابەرانی خۆیەوە. هەر جووڵانەوەیەک بە ئەندازەی تواناو ئاسۆی ڕابەرانی دەچێتە پێشەوە، دەبێ ڕابەری لێهاتوو باشمان هەبێت.

٢ –پێویستە ستراتیجێکی ڕوونمان هەبێت. ئەمڕۆ بە سبەینێ گەیاندنو خۆهێشتنەوەو گەشەی خەتیی بۆ یەکێتییە پیشەییەکان گونجاوە، ناتوانێت بنیاتنەری حیزبێکی شۆڕشگێڕانە بێت. پێویستە قۆناغەکانی گەشەو پێشڕەوی خۆمان تا سەرکەوتنی یەکجارەکی بناسێنین. قۆناغی خۆڕاگەیاندنو ناساندنی ناسنامەی خۆ بە خەڵک، جێگرتن لە مەیدانی ئەسڵی جیدالی سیاسیدا، قۆناغی جووتبوون لەگەڵ جووڵانەوە کرێکارییە ڕاستەوخۆکاندا، ڕێکخستنی نهێنیو بزاوتنی ئاشکرا، ڕێکخراوە جەماوەریە کرێکاریەکان، پەیوەندی بە جووڵانەوە جەماوەریەکانەوە، هێنانەدی هەژموونیەکی سیاسی لە جووڵانەوە نارەزایەتیە گشتیو سەراسەریەکاندا، گواستنەوە لە حزبێکی بچوکەوە بۆ حزبێکی جەماوەری. جەنگ لە قەڵەمڕەوی بیرو باوەڕەکانو پێکهێنانی دەزگای گەورەی ڕاگەیاندن، چەکدارییو حزبی چەکدار، ڕاپەڕینو جەنگی جەماوەریی. هەموو ئەمانە دەبێ بۆ ڕابەریی حزبی عیراق لە تەرحێکی هەمەلایەنەدا پێناسەکرابێتو ئاسۆیەکی واقیعی ڕابەریەکی سیاسی پێکبهێنێت. مەبەستم نووسینی بەڵگەنامەی وا نییە کە ئەمانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بنووسێت. مەبەستم ئەوەیە کە ڕابەرانی کۆمۆنیستی عیراق بزانن‌و بتوانن بە ڕوونی ئەوە بە ڕیزەکانی خۆیانو خەڵک بڵێن کە بڕیارە چۆن چۆنی لە وەزعی ئێستاوە بگەینە ئەو جێگاوشوێنە باڵادەستە. چ ڕێگریەک دەبێ لەسەر ڕێگا لاببرێتو چۆن؟ لە کوێوە دەبێ دەستپێبکەین؟

٣ – دەبێ تێڕوانینێکی ڕوونمان بۆ هەلومەرجی بابەتی کۆمەڵگەو ڕەوتی موحتەمەلی بارودۆخەکە هەبێت. ئەو هەلومەرجە ئیمکاناتە بابەتیەکانو بەربەستەکانی بەردەم کارمان پێناسە دەکات. چارەنووسی بەعس چی لێ دێت؟ ئاڵوگۆڕی سیاسی داهاتوو لە بەغداد چی دەبێت، خەڵک چییان دەوێت؟ چ پۆتانسیێلێک بۆ ڕێکخراوبوونو جووڵەی چینی کرێکار هەیە، چ جوولانەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە عیراقدا دەتوانێت شکڵ بگرێت؟ بارودۆخی ئابووری چۆنە؟ کام گرایشو مەیل لە نێو خەڵکدا پەرەدەگرێت؟ لە کوردستان چی؟

٤ – ئەو کێشە گرێیانەی کۆمەڵگە کە وەڵامیان دەوێت کامانەن؟ حزب بە وەڵامدانەوە بە کام مەسەلانە خۆی بە کۆمەڵگە دەناسێنێتو لە ناوەندی جیدالی کۆمەڵایەتیدا جێدەگرێت؟ چارەنووسی حکومەتی...

بۆ لاپەڕە ١٥

# تۆمەتبارانی کەیسی ١٤/٧/٢٠٠٠ چوونە بەردەم دادگا



## دیمانە لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە هیرشی چەکدارانەی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەساڵی ٢٠٠٠ دا

**بۆپێشەوە: پاساوی لێدان و هێرش بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەساڵی ٢٠٠٠دا، بردنە دەرەوەی بارەگای چەکدار و نەهێشتی دیاردەی چەکداری بوو لەشارەکان، دوای ١٩ ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوەدا چی دەڵێن سەبارەت بەو پاساوە؟**

**عوسمان حاخی مارف:** مەسەلەی بنەڕەتی لە کێشەی یەکێتی نیشتمانی لەبەرامبەر حیزبی ئێمەدا بە هیچ جۆرێک پەیوەندی نەبوو بەوەی دژ بە بارەگا چەکداریەکانمان بێت، بەڵکو مەسەلەی بوونی چەکدار لە بارەگاکانماندا تەنها پاساو و بیانویەک بوو کە یەکێتی نیشتمانی لە بەرامبەر حزبی ئێمەدا بەکاری هێنا، بیانوەکەی هێندە نابەجێ و قێزەوەن بوو، کە بوونی بارەگای چەکداری لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا دیاردەیەکی بەرچاوو فراوان و فەرمی بوو، بۆ هیچ لایەنێک گرفت و بەربەست نەبوو، بەتایبەتی کە خودی یەکێتی نیشتمانی لە هەموو گەڕەک و کۆڵانێک لە تەواوی کوردستاندا بارەگای چەکداریان دامەزراندبوو کە تا ئێستاش دیاردەیەکی ناشارستانی و نەرێنیە.

مەسەلەی بنەڕەتی لە هێرشێکی چەکداری نابەرابەر بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی ئێمە و کوشتنی پێنج هاوڕێمان، ڕاشکاوانە پیلانێکی پێش وەخت داڕێژراو و بەڵگەی سیاسی هەبوو بۆ لێدان لە ڕۆڵ و جێگاوریگای کۆمۆنیزمی کرێکاری، کەلە کوردستان و عێراق و ئێراندا دەنگدانەوەیەکی ڕولەپێش و پێشڕەوی دیاری هەبوو، پیلانێکی ئاشکرا کە گەشەی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری نە بەکۆماری ئیسلامی ئێران قەبوڵ دەکرا، نە جێگای ڕەزامەندی حکومەتی بەعسی ناسیونال فاشستی عێراق بوو، هەر بۆیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەم پیلانەی بە ڕۆژی ڕوناک و بە هێزێکی زەبەلاحەوە جێبەجێ کرد، تا گورزێکی توند بدات لە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە گشتی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەتایبەتی.

**بۆپێشەوە: لەدوای هێرشی یەکێتی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیست و یاساغ کردنی چالاکی و هەڵسورانی، هیچ جۆرە پەیوەندیەک لە نێوان یەکێتی و حزبی کۆمۆنیستدا نەما، لە ئیستادا پەیوەندی حزبی کۆمۆنیست و یەکێتی چۆنە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** بەحوکمی ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وەک لایەنێکی سیاسی کەلەمەیدانی شانۆی سیاسی عێراقدا هەوڵی ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ناڕەزایەتی کرێکارانی داوە لەبەرامبەر ڕژێمی سەرمایەداری و دەسەلاتی بۆرجوازیدا، هیچ هەوڵی داوە بۆ مامەڵەو وەڵامدانەوە بە هەر کێشەو جیاوازیەکی سیاسی نەگات بە شەڕی چەکداری، بەڵام یەکێتی نیشتمانی وەک هیزێکی ناسوێنالیستی میلیشیایی لەبەرامبەر هەر هێزێکی سیاسیدا جیاوازی و کێشەکانی بەچەک وەڵام داوەتەوە. هەر بۆیە نەتوانراوە ئەوەیە کە یەکێتی وەک حیزبێکی دەسەڵاتدار لەبەرامبەر ناڕەزایەتی و خواست و پێداویستیەکانی خەڵکدا، نەک هیچ بەرپرسیاریەک نانوێنێت، بەڵکو بەتوندی دەوری جدی هەیە لەسەر گۆشەگیرکردن و سەرکوت و بێ ئیرادەکردنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان، ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە بەو مانایەی ئێمە خۆمان لەڕیزی پێشەوەی ئەو ناڕەزایەتیە جەماوەریەدا دەبینین، بۆیە ناکرێ و ناتوانین پەیوەندی لەگەڵ هێزێکی سیاسیدا ببەستین کە هۆکاری سەرەکیە لە فەراهەم هێنانی فەزای ئەوپەری نمونەی جەردەیی و تاڵانی و دزی لەسەر حسابی بێکارکردن و هەژارکردنی ڕیزێکی بەرین لە جەماوەری کوردستان.

**بۆپێشەوە: دوای ئەو هێرشە چەکدارییەی یەکێتی بۆسەر حزب، چ کەسوکاری هاوڕییانی گیانبەختکردوو چ حزبی کۆمۆنیست داوای یاسایی لەسەر ژمارەیەک لە بەرپرسانی یەکێتی تۆمارکرد، ئەو دۆسیە یاساییە بەکوێ گەیشتووە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** لە ساڵی ٢٠١١ وە سکاڵایەک لەسەر کەیسی ١٤/٧/٢٠٠٠ دراوەتە دادگاو ئەم کەیسە وەک تاوانێک بە یاسا سپێردراوەو ناسێنراوە، ئەوەی ڕاستی بێت، پرۆسەی ئەم سکاڵایە و مامەڵەیەک کە لە دادگاوە بەڕێوەدەچێت و بەرامبەر ئەم کەیسە دەکرێت، دەرگیری فەرامۆشی و بێ بایەخیەکی زۆر بووەتەوە، دیارە لەم بارەیەوە هەموو دەزانین کە دەسەڵاتی دادگا و یاسا سەربەخۆ و سەروەر نییە، لەم چوارچێوەیەدا ئاشکرایە کە سکاڵای ئێمە لەسەر ئەم کەیسە وەک زوربەی زۆری ئەو سکاڵایانەی کە لەبەرامبەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان و بەرپرسەکانیاندا کراوەو دەکرێت، ئایندەیەکی ناڕۆشن و نادیاری دەبێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەین، لەسەرەتای ئەم ساڵدا لەدادگای نەهێشتنی تاوان، ئەم کەسانە وەک تۆمەتبار بانگهێشت کراونەتە بەردەم دادگا و وتەیان وەرگرتوون (خسرەو گوڵ، سەرکەوتی کوبە، سەعدی ئەحمەد پیرە، مستەفای سەید قادر، عومەری سید علی)، ئەوەی شایەنی باسە ئەم کەسانە کە چونەتە بەردەم دادوەر ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە بەرپرس نین لەم تاوانەو ئاگادری نین، هەڵبەتە ئەگەر دادگا بەردەوامی بەپرۆسەی لێکۆڵینەوەو دادگایی ئەم کەیسە بدات، ئێمەش بەڵگەو شایەتمان هەیە.

# بەڵگەنامەی نۆکەر پیشەیی ١٤/٧/٢٠٠٠

**ڕۆژنامەی کیهان، ڕۆژی سێ شەممە 11 مرداد ( 1ی ئاب )، لاپەڕەی دوو**

**بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە سلێمانی – عیراق داخرا**

**هەواڵنێری کیهان لە شاری سنەوە**

**هێزەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە سلێمانی بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریان لە کوردستان داخست.**

**لە کاتی دەرکردنی ئەم حیزبە لە ناوچەی سلێمانی، کە بووە هۆی دەرگیری نێوان هەردوو لا و 10 ڕۆژ درێژەی کێشا، 10 کەس لە حیزبی کومۆنیستی کرێکاری ئێران کوژران و 10 کەسی تریش بریندار بوون.**

**بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکان لەم کێشمەکێشەدا ئەندامێکی ئیحتیاتی کۆمیتە ناوەندی ئەم حیزبەش کوژراوە. هەروەها هەواڵنێرمان رایگەیاند کە: رابەری ئەم حیزبە بە ناوی مستعاری "منصور حکمت"ەوەیە یەکێکە لە قوتابییەکانی زایۆنیستێکی ناسراوی ئینگلیزییە وە سەرچاوەی مالی ئەم حیزبە لەلایەن ئەم زایۆنیستەوە دابین دەکرێ.**

**هەروەها وتی: سوپاس گەرم و پێزانینی دەولەتی ئێران لەم هەنگاوەی تالەبانی لە کاتی دیدارێکی ئەم دوایییانەی هەیئەتێکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی محمد حاجی محمود، لەگەل رەمەزان زادە سەرۆکی پارێزگای کوردستان پێیان ڕاگەیاندرا.**

پەیوەندیەکی هاوبەش لەبەرژەوەندیەکانی خەباتی کرێکاراندا نەبۆتە پێداویستیەکی سیاسی بۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا، لە هەمان کاتدا حیزبی ئێمە بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئسولی پەیوەندی نێوان لایەن و هێزە سیاسیەکان پەیوەندیەکی ئارام و دروست لەنێوانماندا پێکبێت. وە مانەوەی ئەم کەیسەی ١٤/٧ لە هێرشکردنی یەکێتی نیشتمانی بۆسەر بارەگاکانی ئێمە لەلایەن یەکیەتیەوە، تا ئێستا هیچ پەشیمان بونەوەیەکی فەرمیان لەم کردارەیان نیشان نەداوە. لەوەش گرنگتر



# ١٤/٧ بۆیە ڕوویدا تا بتوانن ئەمڕۆ بخولقێنن!

## دیمانە لەگەڵ تاهیر حەسەن سکرتێری ئەوکاتی ڕێکخراوی کوردستانی حزب سەبارەت بەڕووداوی ١٤/٧/٢٠٠٠

**بۆپێشەوە: ١٤/٧ بۆ ڕوویدا؟ هۆکارە سەرەکیەکانی کامانەبوون؟.**

**تاهیرحسەن:** ١٤/٧ بۆیە ڕوویدا تا بتوانن ئەمڕۆ بخولقێنن!. ئەوڕۆژگارە ڕەشانەی ئەوێ ڕۆژێ، تراژیدیای ئەمڕۆی ژیانی خەڵکی کوردستانیان دروستکرد!. هیچ دەسەڵاتێک لە هیچ شوێنێکی دنیادا ناتوانێت لەشەو و ڕۆژێکدا سەرکوت و کۆنەپەرستی و قانوونی دژی ئینسانی وبێکاری وبێ نانی ودزی وفەسادی وتاڵانی ئاشکرا، بکاتە سیمای ئاشکرای دەسەڵات وکۆمەڵگە. ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستانی بەم تراژیدیا ئینسانیەی ئێستا گەیاندووە، ڕابردوویەکی ڕەش و نەگریسی هەیەو وێستگە لەدوای وێستگەی بە خوێن و موقاوەمەت نووسراوەو ئەوانیش وان بە تەوێڵی سەرانی دەسەڵاتداری یەکێتی و پارتیەوە.

سەرکردایەتی یەکێتی دەیزانی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەریکە کۆمۆنیزم دەبێت بە دیاردەیەکی کۆمەڵاتی بە هێزو دەچێتە نێو ژیان وخەباتی کرێکاران وژنان ولاوان ودەستەنگانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، خەریکە وەک ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕو جیاواز قامەت ڕاست دەکاتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ شانسی ئەوە پەیدا دەکات، کە کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە نارەزایەتیەکانی خۆیان لە ڕێگای ئەوەوە ببەنە پێشەوە. لەم ڕەوەندەدا بۆنی مەرگی دەسەڵاتیان کرد، بۆیە وەک کردەوەی هەمیشەییان کەوتنە چنینی چەندین سیناریۆی ڕەزیلانەو گێچەڵی جۆراوجۆر. لەسەرەتادا ڕێگای قانوونیان گرتەبەر و و وستیان لە ڕێگای دادگاوە چالاکی ئاشکرای حزب قەدەغەبکەن! ،بەڵام دوای ئەوەی لەم مەیدانەدا بەرگەیان نەگرت و شکستێکی ئابڕووبەرانەیان، لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا خوارد، ئینجا کەوتنە هێز کۆکردنەوەو گێچەڵی سەربازی. ئەمەش بە هیچ شێوەیەک شتێکی تازە نەبووەو نییە لەکردەوەی سەرکردایەتی یەکێتی وسەرانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا. مێژووی ڕەش و پڕ لە تاوانیان لێوان لێوە لە دەستبردن بۆ چەک دژی نەیاری سیاسیان. ئەمانە کاتێک لە شاخ ودۆڵەکانی کوردستان بوون و بێجگە لەخۆیان کەسی تری لێ نەبوو، لەسەر ناوچەی ژێردەسەڵاتی چەکیان، خەریکی یەکتربڕانەوە بوون. چ حزبێک هەیە لە کوردستان یەکێتی وپارتی گێچەڵی سەربازیان پێ نەکردبن؟!.

بەڵام جیاوازیەک کە١٤/٧ لە هەموو ئەوانیتر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە بەخەتی ڕەش لەسەر سپی بە ئیمزای نوێنەری سەرکردایەتی یەکێتی لیوای مافناس "نەزەر عەلی ئەکبەر" نووسراوەو دراوە بە دادگای سلێمانی کە، بەو هۆیەوە کە: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کار دەکات بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە ڕێگای ڕاپرسیەکی جەماوەری خەڵکی کوردستانەوەو بۆ ئەم مەبەستە خەریکی کۆکردنەوەی ئیمزای پشتیوانییە لە نێو خەڵکدا، ئەمەش دژی دەستووری عێراقە (دەستووری سەردەمی بەعس) و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەخاتە مەترسی!. هاوکات حزبی ناوبراو کاردەکات بۆهەڵوەشانەوەی یاسای باری کەسێتی عێراقی و لە جێگای یەکسانی ژن وپیاو دەکاتە بنەمای قانوونی نوێ ولەم بارەیەوە پڕۆژە یاسایەکیشیان بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش دیسان دژی دەستووری عێراق و عورف وعادات وبنەماکانی ئیسلامەو کۆمەڵگە بەرەو فەسادی دەبات، بۆیە دەبێ هەڵسوڕانی حزبی ناوبراو قەدەغە بکرێت.

کاتێک ئەم بەهانەیەی یەکێتی کەوتە بەر نەفرەتی کۆمەڵایەتی فراوانی جەماوەری کرێکاران و لاوان و ڕۆشنبیران و ئەدیبان وخەڵکی ئازادیخوازو مۆدێرنی کوردستان چ لەدەرەوەو چ لەناوەوەی کوردستان. ناچار دەعوانامەکەیان لە دادگا کێشایەوەو ئینجا وەک کردەوەی هەمیشەییان دەستیان دایە چەک. بەڵام هێشتا ئەمە ڕواڵەتی مەسەلەکە بوو، ڕووداوەکانی ڕۆژانی دواتر پەردەی لەسەر جەوهەری مەسەلەکە هەڵدایەوە، کە هیوادارم لە درێژەی گفتوگۆکەماندا فرسەتی باسکردنیمان هەبێت.

**بۆپێشەوە: بۆ هەوڵ نەدرا ڕێگە لە بیانووەکانی یەکێتی بگیرێت و نەگات بە هێرشی سەربازی و چەکدارانە بۆ سەر حزب؟**

**تاهیرحسن:** ئێمە لەپێناو بەرگرتن بەهەڵگیرساندنی شەڕ، تەواوی هەوڵێک کە لە چوارچێوەی پرەنسیپی سیاسی و ئینسانیماندا جێگای دەبووەوە، دامان و هیچ درێغیمان نەکرد. ئێمە شکمان لەو ڕاستیە نەبوو، کە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی و لەپێناو بچوکترین ئامانجی کۆنەپەرستانەیاندا، بێبایەخترین شت لەلایان، ئینسانە. ئەوان لە جەنگی چوارساڵەی ناوخۆیاندا، زیاتر لە ١٠٠٠٠ ڕۆڵەو گەنجی کۆمەڵگەیان کردە قوربانی شەڕی دەسەڵات و کەپکی حەمەد ئاغاو دەربەندی گۆمەسپان...!.

هەڕەشەی چەکدارانەو ڕاگرتنی لوولەی چەک بەسەرسەری کۆمەڵگەوە، ڕەگی مانەوەی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی یەکێتی وپارتیە بەسەرسەری خەڵکەوە. بەبێ هەڕەشەی چەک ناتوانن یەک سەعات مانەوەی خۆیان وەک حزب و دەسەڵات مسۆگەر بکەن.

بەڵام سەرباری ئەم ڕاستیانە، ئێمە وەک ئاخرین هەوڵەکانمان بۆ ڕوونەدانی شەڕ، وەفدێکمان پێکهێنا لە هاوڕێیان( عوسمانی حاجی مارف وفوادصادق و من) وچوین بۆ ماڵی (نەوشیروان مستەفا)، کە ئەوکات جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بوو. دوای قسەوباسی بێ توێکڵ و بێ پەردە، دوای ئەوەی کە نەوشیروان مستەفامان خستە بەرامبەر وەڵام دانەوەی بێ ئەملاولای ئەو پرسیارەی کە "ئێوە چیتان لە ئێمە دەوێ وبۆچی ئەم هەموو چەکدارەتان لە ئێمە کۆکردۆتەوە"، وەک ئەوەی ڕێگایەکی دووری بۆ نزیک کرابێتەوە، بێ سێ و دوو وتی: "( ڕژێمی بەعس وجمهوری ئیسلامی ئێران) زۆر نارەحەتن بە بوونی ئێوە لەم ناوچەیە، ئێمەش شەڕی ئەم دووانەمان پێ ناکرێت!".

ئێمە ئیتر تێگەیشتین کە سەرکردایەتی یەکێتی وەک عادەتی هەمیشەیی سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی، تەنیا مقاشێکی جێبەجێکردنەو داواکە لە شوێنێکی ترەوەیەو بەهانەکە هی خەڵکی ترەو ئەوەش بە ئێمە نابڕدرێ. بۆیە هەر دوای هەڵکوتانە سەرمان وکوشتنی پێنج هاوڕێی دلێر لەهیوای ئێمە بە ڕۆژی ڕووناک و لە نێوچەقی شاری سلێمانیداو داخستنی بارەگاکانی ئێمە بەزۆری چەک و تاڵانکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان وسەنتەری پارێزگاری ژنان وسەنتەری منداڵان و فڕێدانە سەرجادەی ژنان ومنداڵانی پارێزراوی نێو سەنتەرەکان!!. ڕۆژی دواتر(ڕەمەزان زادە) پارێزگاری ئەوکاتی شاری سنە بە نوێنەرایەتی جمهوری ئیسلامی ،سوپاس و دەستخۆشانەی بە(محەمەدی حاجی مەحمود) دانارد بۆ تاڵەبانی و ڕۆژنامەی (کەیهان) ی چاپی تارانیش سوپاس نامەکەو پێزانینەکەی جمهوری ئیسلامی بڵاوکردەوە.

**بۆپێشەوە: ڕاستە یەکێتی نیشتیمانی هێرشی کردە سەر حزب، بەڵام کاراکتەری سەرەکی لەم هێرشەدا کێ بوو؟.**

**تاهیرحسن:** شک لەوەدا نییە، کە لەنێو ڕابەری هەموو حزبێکی سیاسیدا، کەسانێک هەن کە جێگاو ڕێگایەکی بەرجەستەتریان لە ئاڕاستەکردن و بەڕێوەبردنی سیاسی ئەو حزبەدا هەیە. (نەوشیروان مستەفا) لە دوای جەلال تاڵەبانی کەسی دووەمی بێ ڕکابەری نێو سەرکردایەتی یەکێتی بوو. دەسەڵاتی بەسەر تەواوی جومگەکانی ئەو حزبەدا دەشکا. بۆیە نەخشەکێشان وبڕیاردان بە هێرشی سەربازی بۆ سەر حزبی ئێمەو خولقاندنی نارەوای کارەساتی ١٤/٧ بە تەواوی لە ئەستۆی (نەوشیروان مستەفا)دایە. وەک جێبەجێکەرانی مەیدانی ڕاستەوخۆش (سەرکەوتی کوبە) لێپرسراوی ئەوکاتی ئاسایشی سلێمانی، و(خەسرەو گوڵ محمد) لێپرسراوی دەزگای زانیاری، لە لیستی یەکەمدان.

**بۆپێشەوە: دەتوانن ووردەکاری زیاتر لەسەر ڕۆڵی (نەوشیروان مستەفا) لەو ڕووداوەدا بخەنە ڕوو؟.**

**تاهیرحسن:** من پێشتر باسی ڕۆڵ ودەسەڵاتی (نەوشیروان مستەفا)م کرد لە نێو سەرکردایەتی ئەوکاتی یەکێتیدا. ئەوەی لە ١٤/٧ دا یەکێتی بەنارەوا بەرامبەر حزبی کۆمۆنیست ئەنجامی دا، (نەوشیروان مستەفا) بەنەخشەیەکی پێشتر بۆداڕێژراو و بەچاوێکی کراوەوەو بە ئامانجێکی دیاریکراو وبەوپەڕی ئیرادەوە بەرامبەر بە کۆمۆنیزم وحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەنجامی داوە. ئەو دەیتوانی هەمان داواکەی بەعس وجمهوری ئیسلامی وەک خۆی وتی شەڕی ئەوانمان پێ ناکرێ، جێبەجێ بکات وکەسیش نەکوژرێ. ئەو دەیتوانی تاوانەکە کەمتر خوێناوی بێت، کەمتر دژی ئینسانی بێت، ئەو بەدەستی بوو تۆمارکردنی ڕسوایی بۆ سەرکردایەتی حزبەکەی و خۆی بۆ مێژووی هەتا هەتایە، کەم شەرم ئاوەرتر بێت و بواری ئەوەی تێدا بێت کەسێک پشتیوانی بکات، بەڵام نەیکرد. چونکە ئامانج لەپیلانەکە ئەوە بوو، کەگورزێکی وەها خوێناوی و کوشندە لە حزب بدەن، کە پشتڕاستکردنەوەی بۆ ئایندەیەکی نادیار دوا بخەن و ئەو کۆسپە گەورەیە لەسەر ڕێگای داسەپاندنی دەسەڵاتی میلیشیاییان لاببەن و ئاسۆی نارەزایەتی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە کوێر بکەن. ئەوەی لە ژێرفەرمان وڕابەرایەتی (نەوشیروان مستەفا) دا ڕوویدا، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەوڕاستیەیە، کە (نەوشیروان مستەفا) چەندە دژی کۆمۆنیزم و ڕەوتی چەپی کۆمەڵگەو سۆشیالیزم وئینسانی نارازیە.

وەرن ئێوە دوور لە هەر دەمارگیریەکی عەقیدەتی وحزبی و ئیدیۆلۆژی، کڵاوی خۆتان بکەن بە قازی و بڕیار بدەن:

نزیکەی مانگێک بەر لە ١٤/٧ تەواوی بارەگاکانی حزبیان بە سەدان چەکدار گەمارۆدا، هەرکەسێک، ژن، منداڵ، پیر، گەنج سەردانی بارەگای حزبیان بکردایە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک دەستگیردەکران!، زیاتر لە ١٥٠ کەس لە کەسوکاری هاوڕیان ومیوان کە بۆ سەردانی بارەگای حزب هاتبوون بەبێ هیچ تاوانێک خرانە زیندان. ئاو و کارەباو تەلەفۆنی تەواوی ئەو کۆڵانەی بارەگاکانی حزبیان تێدابوو بڕا!. پاشان ڕۆژی ١٤/٧ کاتێک سەیارەیەکی حزب دەگەڕایەوە بۆ کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان، لە نزیک ئەمنەسوورەکەی سلێمانی خرایە بۆسەیەکی لەپێشدا ئامادە کراوەوەو درانە بەر دەستڕێژی گوللە، هاوکات دەستڕێژی گوللە بۆ سەر کۆمیتەی ڕابەری دەستپێیکردو بەم جۆرە پێنج هاوڕێی ئێمەیان بە ڕۆژی ڕووناک خەڵتانی خوێن کرد. بەمەشەوە نەوەستان هەر ئەو شەوە تەرمی هاوڕێیانی گیان بەختکردووی ئێمەیان کرد بەژێر گڵەوەو نەیاندایەوە بە ئێمەو کەسوکاریان، تا دوانیگای ماڵئاواییان لێبکەین، تەنانەت لە پزیشکی دادوەری سلێمانیش وەک هاوولاتیش ناوەکانیان سڕینەوە، وەک ئەوەی ئەم ئینسانانە هەر نەبووبن!!.

پاشان هێزێکی ئاسایشیان لە سەر گڵکۆی هاوڕێیان جێگیر کردو تەنانەت سەردانی گۆڕستانیشیان لە کەسوکارو هاوڕێیانیان قەدەغە کرد. ئێمە ڕۆژی دواتر نەخشەی ئەوەمان دانا، کە پێنچ تابووتی ڕەمزی دروست بکەین وبۆ نارەزایەتی لەدژی ئەو بەربەریەتە بە ڕێپێوان بەناو شاردا بچین بۆ سەر گڵکۆی هاوڕێیان.

بەڵام هەرکەچەقۆکێشەکانی نەوشیروان مستەفا بۆنی ئەوەیان کردبوو، کە نیازی بەرنامەیەکی وەهامان هەیە،(وەستاحسن) ی ئاسایشیان نارد وپێی ڕاگەیاندین، کەئەگەر کارێکی وەها بکەن، هەرچی لەنێو جادە بێت دەیدەنە بەر دەستڕێژی گوللەو دەیکوژن!. دوو سێ ڕۆژ دوای هێرشەکە، وەفدێکی ڕابەری حزب کەبە مەبەستی کۆتاییهێنان بەو بارگرژیە سەردانی سەرکردایەتی یەکێتیان کرد، دوور لە کەمترین پرەنسیپی سیاسی وئەخلاقی، وەفدی حزبیان بە بارمتە گرت!!.

ئێستا ئێوە بڵێن، ئەم کردەوەیە ڕژێمی بەعسی شەرمەزار نەکردووە؟، ئایا بە ڕاستی ئەگەر کەسێک ویژدانی بە بەرژەوەندیەک هەڕاج نەکردبێ، شەرم ئاوەر نییە ئەندامی ئاوها حزبێک بێت؟!.

**بۆ پێشەوە: هێرشی یەکێتی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، چ کاریگەریەکی لەسەر کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی و کەشی کۆمەڵگەی کوردستان هەبوو؟.**

**تاهیرحسن:** حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کۆسپێکی گەورە بوو لەبەردەم داسەپاندنی دەسەڵاتی میلیشیایی و عەشیرەتی یەکێتی و پارتیدا، ئەوان بۆ هەر نەخشەو سیاسەتێکیان، بۆ هەر هێرشێکیان بۆسەر سفرەی خاڵی کرێکاران ودەست تەنگانی کۆمەڵگە، ئێمەیان لە پشتی خەڵکەوە دەبینی وناچاربوون وەڵامی ئێمە بدەنەوە. تیرۆری هاوڕێیان (شاپوور وقابیل) بە هاوکاری ڕاستەوخۆی پارتی لە هەولێر و هێرشی ١٤/٧ لە سلێمانی، هەوڵدان...

# داخستنی سەنتەر و ڕێکخراو ژنانی لە پشتیوانیەکی گەورە بێبەش کرد!

## دیمانە لەگەڵ نازەنین سالح بەرپرسی ئەو کاتی سەنتەری پارێزگاری لە ژنان، سەبارەت بە هێرشی یەکێتی بۆ سەر ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەر لەساڵی ٢٠٠٠دا



**بۆپێشەوە: بۆچی هاوکات لە هێرش بۆ سەر نوسینگەکانی حزبی کۆمۆنیست، یەکێتی هێرشی کردە سەر ڕێکخراوەی سەربەخۆ ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری لە ژنان؟**

**نازەنین سالح:** لەوکات و ساتەدا تاکە حزبی سیاسی کە بەرۆشنی بەرگری لەماف و داخوازییەکانی ژنان دەکرد، بەرۆشنی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان لە بەرنامەیدا جێگیر ببوو. حزبی کۆمۆنیست بوو. تەنانەت لە پێکهاتنی ڕیکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتاندا دەوری بەرچاوی هەبوو.

بە جیا لەوانە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیراق پاڵپشتی گەورەی مالی ومەعنەوی وە پارێزگاری لە ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری ژنان ئەکرد، وە بەشێکی زۆری ئەندامان و هەڵسوراوانی کادری ڕەهبەری حزب بوون. ئەو نزیکیەی نێوان حزب و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، لەسەر مافەکانی ژنان، وای کردبوو، کە یەکێتی وەکو کۆمیتە یان ڕێکخراوەیەکی حزبی تەماشای ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەر بکات...

بەڵام هۆکاری سەرەکی لێدان لە ڕێکخراو و سەنتەر ڕۆڵی بەرچاوی ڕێکخراو سەنتەر بوو لە مافەکانی ژنان و ڕزگارکردنی ئەو ژنانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر بوو، وە ناسراو بوون و خۆشەویست بوونی ڕێکخراو بوو لە ناو کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدا یەکیتی و حزبەکانی تر ڕێکخراوەی ژنانی خۆیان هەبوو... یەکێتی و هەموو حزبە ئیسلامیەکان زۆر تورە بوون بە بوونی ڕێکخراو و سەنتەر و ئەو دەورەی دەیان گێرا... هەموو کەس بیریەتی کە بەئێمەیان دەوت بەرگری لە بەرەڵایی و بێ ئەخلاقی دەکەن... وە زۆر تورەبوون لەوەی ئێمە بەهێزی چەکداری سەنتەر خۆیەوە ژنانمان لەژێر سایەی ئەواندا رزگار دەکرد و لەخانەی ئەمنیدا دەمان پاراستن کە شاراوەبوون لە چاوی دەزگای ئاسایش... ئەمانە هەموو هۆکار بوون تا یەکێتی هێرش بکاتە سەرمان. کە لەحزب درا، سەنتەر و ڕێکخراو پشت و پەنایان نەما، بۆیە زۆر ئاسان توانیان هەڵسورانی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی وەکو ژنان و منالان... قەدەغە بکەن وە نوسینگەکانمان داخەن.

**بۆپێشەوە: هێرش بۆسەر سەنتەر و ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان، چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسی ژنان و مافەکانیان دانا؟**

**نازەنین سالح:** بەبڕوای من ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان وە سەنتەری پارێزگاری ژنان کاریگەری و فشاری زۆرگەورەیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردسان دانابوو بەکارکردن لەسەر گۆرینی یاساکانی ئەحوالی شەخسی وە کارکردن بۆ بەدیهێنانی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو، وە پارێزگاری بێقەیدوشەرت لە ژنانێک کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ ئەکرا وەیان کێشەی کۆمەڵایەتیان هەبوو.

بەبڕوای من کەسانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی تر هەبوون چ لەریزی ڕێکخراوەکانی تر وەیان سەربەخۆ بوون، بەڵام سەر بەئەحزابی داکەوتوو بوون و دژ بەمافەکانی ژنان بوون، بۆیە دەبوو ڕەزامەندی حزبەکانیان وەرگرن بۆ هەرکارێک کە بیکەن.

بۆیە بەقەدەغەکردنی کارو هەڵسوڕانی حیزب و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان وەسەنتەری پارێزگاری لە ژنان و داخستنی نوسینگەکانی، بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان زۆر چووە دواوەو پاشەکشەی پێکرا، وە پرسی ژن بەو ڕادەیەی پێشوو ڕۆڵی بەرچاوی نەما، وە ژنان ئەوپشت و پەنایەیان نەماو کاریگەری خراپی لەسەر ژنان لە کۆمەڵگەدا دانا بەگشتی .

**بۆپێشەوە: دوای لێدان و دەست بەسەراگرتنی نوسینگەی سەنتەری ژنان، چارەنووسی ئەو ژنانە چی بەسەر هات کە لای سەنتەر و لەخانە ئەمنیەکان بوون؟**

**نازەنین سالح:** داخستنی سەنتەر ژنانی لە پشتیوانیەکی گرنگ بێبەش کرد، هەر ژنێک هەرەشەی کوشتنی لەسەر بوایە و ئێمە ئاگادار بووینایە دەچوین و رزگارمان دەکردو لەسەنتەر یان لە خانە ئەمنەکان دەمان پاراست، یان کێشەکەمان چارەسەر دەکرد. داخرانی سەنتەر ژنانی بێبەش کرد لەوەی شانسی رزگاربونیان هەبێت لەرێگای سەنتەرو ڕێکخراوی ژنانەوە.

هەموو ئەو ژنانە بران بۆ ئاسایش و دواتر برابوون بۆ سەنتەری نەوای سەر بەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وە دواتر بەشێک لەو ژنانە ڕایان کردبوو بەهۆی مامەڵەی خراپی بەرپرسانی خانەکە (بەپێی قسەی ئەو ژنانە خۆیان کە ڕایان کردبوو).

هەر دوای داخستنی سەنتەریش یەکێک لەو ژنانەی کەپێشتر لەسەنتەر بوو بەناوی "نەسرین" لەلایەن براکەیەوە کوژرا.

**بۆپێشەوە: کاردانەوەی ڕێکخراوە ژنانەکانی ئەوکاتە چۆن بوو؟**

**نازەنین سالح:** دوای داخستنی سەنتەر و ڕیکخراو ئێمە هەیئەتێکمان پێکهێنا بۆ پەیوەندی بە سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان وە مافی مرۆڤ کە من یەکێک بووم لە هەیئەتەکە، ئامانجمان دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش بوو وە لەهەوڵی کۆکردنەوەی ئیمزا بووین بەدژی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەموو ئەو ڕێکخراوانە هاوخەمی خۆیان دەربڕی وە وتیان یەکێتی نیشتیمانی ئاگاداری کردوین کە بەهیچ جۆرێک هاوکاریتان نەکەین، دوای چەند ڕۆژ بەرپرسی ئاسایش ناردی بەدوای من و پێی وتم زۆر ئاگامان لێیە خەریکی چین وە چەکدارەکانمان بەدواتانەوەن، بۆیە بەڕەسمی پێتان ڕادەگەیەنین کە هەڵسوڕانتان قادەغەیە و بۆمان هەیە دەستگیرتان بکەین.

**بۆپێشەوە: بۆچی دواتر هەوڵنەدرا ڕیکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان دروست بکرێتەوە؟**

**نازەنین سالح:** راستی ڕێکخراو سەنتەر بۆیە دەیانتوانی کار بکەن، چونکە حزب بەهەموو شێوەیەک لەپشتیان بوو، دوای ریگەنەدان بە کارو چالاکی حزب، پێم وانییە ریگایان دابا ڕیکخراو یان سەنتەر دەست بەکار بکەنەوە. وە ئەگەر رێگەشیان دابا بەوەی ڕێکخراو و سەنتەر دریژە بەکاری خۆیان بدەن بەبێ حزب سەرکەوتن و دەوری باشی نەدەبوو. خۆشتان دەزانن پاش ئەوەی حزب لێیدرا، بەداخەوە زۆربەی کادر و ئەندامانی حزب و رێکخراو سەنتەر روویان لە ئەوروپا کرد... ئەوانە هەموو هۆکار بوون کە نەتوانرێت کار بۆ دروستکردنەوەی ریکخراو بکرێت. پێویستە ئیستا کە حزبی کۆمۆنیستی کوردستان هەیە، هەوڵ بدات ژنانێک کە هەن تەشجیعیان بکات و پشتیوانیان بکات رێکخراوەی ژنان دروست بکەن لە ناوخۆی کوردستان. زۆر پێویستە ڕیکخراوێکی ئازا و پیشکەوتنخواز هەبێت.

بوو بۆ لابردنی ئەو کۆسپە.

لەزانستی پزیشکیدا، کاتێک توێژەران وپسپۆڕان بێ توانا دەبن لە دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی ڤایرۆسێک یان بەکتریایەکی دیاریکراو، پەنا دەبەنە بەر ناسینی ئەو دژە تەنانەی کە جەستەی نەخۆشەکە لە دژی ئەو بەکتریایە ڕشتویەتی.

بۆئەوەی کاریگەری هێرشی نارەوای ١٤/٧ بەسەربزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک و مۆدێرنیزمی کۆمەڵگەوە بزانین، تەنیا تەماشای لیستی هەڵکشاوی ساڵ لە دوای ساڵی قوربانیانی کوشتنی ناموسی بکەن!، تەماشای لیستی تیرۆری ئازادیخوازان ورۆژنامەنووسان بکەن!، تەماشای پاشەکشەی فەرهەنگی و سیاسی کۆمەڵگە بکەن!، تەماشای برەوی هەرچی زیاتری ڕەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامی وقەومی بکەن!، تەماشای بڕینی مووچەو شکاندنی کەرامەتی ئینسانی بەشی هەرەزۆری دانیشتوانی کۆمەڵگەو موحتاجی پارووە نان و دکتۆر ودەرمان بکەن!. تەماشای دزی و تالانی ئاشکراو بێ سڵەمینەوەی مافیاکانی دەسەڵات بکەن!، تەماشای بێ ئاسۆیی وئالوودەبوونی بزووتنەوەی نارەزایەتی کرێکاران و مامۆستایان و ژنان ولاوان بکەن، بە ناسیونالیزم وقەمی گەرایی!.

هێرشی یەکێتی بۆ سەر حزب، پشتی بزووتنەوەی نارەزایەتی کرێکاران وزەحمەتکێشانی چۆڵ کرد، تا بتوانن کۆمەڵگە بەم مەئساتەی ئێستا بگەیەنن. بەهەق کاریگەری ئەو هێرشە بە تەواوی جەستەی کۆمەڵگەوە هەتا ئێستا دیارەو برینەکەی پڕ نەبۆتەوە.

**بۆ پێشەوە: کاردانەوەی جەماوەری و حزب ولایەنە سیاسیەکان بۆسەر حزبی کۆمۆنیست چۆن بوو؟.**

**تاهیرحسن:** ئەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتی ناچار کرا دەعوانامەکەی لە دادگای سلێمانی شکستخواردوانە بکێشێتەوە، جگە لە ڕاوەستاوی سیاسی حزب و ڕابەری، بەدەنگەوە هاتن و پشتیوانی جەماوەری بەرەی پێشکەوتوخوازی کۆمەڵگە بوو لە هەڵمەتێک کە ڕابەری حزب بۆ پەردەهەڵماڵین لە ناوەڕکی کۆنەپەرستانەی نەخشەکەی یەکێتی دەستی دابوویە. سەدان ئیمزای نارەزایەتی و بەیاننامەی تاک و دەستەجەمعی ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان کرانە سەر سەرکردایەتی یەکێتی. تەنانەت چەندین ئینسانی شەریفی ناو یەکێتی نامەی نارەزایەتیان بڵاوکردەوە، لەوانە(شێرکۆ بێکەس). تا ئەو ڕادەیەی (جەلال تاڵەبانی) ناچار بوو بانگیان بکات و پاساوی ڕەزیلانە بۆ تاوانەکەیان بهێنێتەوە، بەڵام هیچ حزبێکی سیاسی لە کوردستان یان جورئەتیان نەبوو بەڕەسمی ئەو تاوانە مەحکوم بکەن، یان بێدەنگیان ناڕاستەوخۆ لایەنگریان بوو لەو تاوانە!.

شکستە سیاسیەکەی یەکێتی ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتی بەخۆوە گرت و ناو و ناوبانگی حزبی چەند ئەوەندەی تر گەورە کرد، بۆیە سەرکردایەتی یەکێتی هەوساری پچڕاندو کەوتە گرتنە بەری ڕێگای بوودەڵەی سەربازی.

ئەمڕۆ ١٩ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر کارەساتی ١٤/٧ دا، لە ڕوانگەی ئێمەوە هێشتا دەرگای دادگایەکی ئاشکرای جەماوەری لەسەر پشتە، هەروەکو چۆن ئامانج لە خولقاندنی تاوانی ١٤/٧ پرسی کۆمەڵگە بوو، هەر ئاوهاش چارەسەری ئەو کێشەیە پرسی کۆمەڵگەیە. گێچەڵی سەربازی سەرکردایەتی یەکێتی بە حزبی کۆمۆنیست لەسەر بیروباوەڕو ئیدۆلۆژی جیاواز نەبوو، بەڵکو لەسەر پرسی گەرمی کۆمەڵگەو لەسەر داوای جمهوری ئیسلامی و ڕژێمی بەعس بوو. ئەوانەی ئەم تاوانەو سەدان تاوانی تریان ئەنجام داوە، ئێستا لە چەقی شارەکاندا مەزارگەو پەیکەریان بۆ دروستکراوە!!.

هەرکاتێک هاوسەنگی هێزی جەماوەری کرێکاران وزەحمەتکێشان و بێبەشانی کۆمەڵگە لەگەڵ دەسەڵاتداران بە قازانجی خەڵک و کۆمەڵگە گۆڕا، ئەوکات گوێی هەموو بکوژو دزو جەللادەکان دەگرین ولە چەقی شارەکاندا دەیاندەینە دادگای جەماوەری خەڵک. ئەوانەش کە لە ژێر گڵدان، مێژووی ڕەش وپڕ لە تاوانیان دادگایی دەکەین و لە ویژدانی مێژووی کۆمەڵگەدا، ئەرشیفی دەکەین. هیوادارم ئەو ڕۆژە دوور نەبێت.

**تەموزی ٢٠١٩**



# سەنتەری منداڵان، پشت و پەناو جێ ئومێد بوو بۆ منالان!

## دیمانە لەگەڵ شیرزاد فاتیح بەپرسی سەنتەری بەرگری لەمنالان، سەبارەت بەهێرشی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر سەنتەری منالان لەکوردستان له ساڵی ٢٠٠٠دا

**بۆپێشەوە: بۆچی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان هاوکات لەگەڵ هێرشی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، هێرشی کردە سەر سەنتەری منالانیش؟**

**شێرزاد فاتیح:** پێمخۆشە سەرەتا بەوە دەست پێبکەم کە ئێستا ١٩ ساڵ بەسەر هێرشی دڕندانەو ڕەزیلانەی ینک بۆ سەر بنکەی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان لە سلێمانی، گەڕەکی عەقاری بەرامبەر ئەمنە سوتاوەکە تێپەڕدەبێت، لەم یادەدا هێرشی سەکوتگەرانەی ینک و ئەو کارە ملهوڕیەیان جارێکی تریش شەرمەزارو ڕیسوا دەکەم. ئەوەش دووپات دەکەمەوە کە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت لەکوردستان یاسا هەبێت، دەسەڵاتی خەڵک هەبێت، دادگایەکی عادیلانەی دوور لەدەسەڵاتی حیزبی میلیشیای هەبێت، سکاڵا تۆمار دەکەین و بەرپرسان و چەکدارانی ینک کە دەستیان هەبوو لەم تاوانەدا دەدەینە دادگا. "تێبینی: ئێمە لە کاتی خۆیدا لەدادگا سکاڵامان تۆمار کرد لەسەر ینک، بەڵام ئاشکرایە ئەوان خۆیان هەموو دامودەزگای بەڕێوەبردن و "دادگا" بەڕێوەدەبەن و هەرخۆیان حکوم دەردەکەن و جێبەجێشی دەکەن، بۆیە سکاڵاکەمان تا ئەم ساتەوەختە بەبێ وەڵام ماوەتەوە".

بۆ وەڵامی پرسیارەکەشتان دەمەوێ بڵێم کە لەبەر ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک هێزێکی میلیشیای دیکتاتۆری ملهوڕ دەیویست هەموو دەنگێک کە بەهەر شێوەیەک بەرگری لە ئازادیەکانی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە بکات، سەرکوت بکات! سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانیش لەو دەورانەدا کە نزیکەی ساڵێک و چەند مانگێک بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕیوو، بوو بە ڕێکخراوێکی چالاک و تاڕادەیەکی باش ناسراو لەکۆمەڵگەداو بەخێرایی گەشەی کرد. لەسەر توندوتیژی وبێمافیەکانی منداڵان، سەقەتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، ناردنی منداڵان بۆ دەرسی ئاینی و حوجرەکان لەبری قوتابخانە و یاری و سەرحاڵی بۆیان، لێدان و سوکایەتی بەمنداڵان، کوشتنی منداڵان و دژی بە منداڵی بەشودان...هتد، وە دەنگ دەهات و یەخەی دەسەڵاتە میلیشیایەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەگرت. ئەمە یەکێک بوو لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکان کە یەکێتی و دەسەڵاتەکەی لەبەرامبەردا بێدەربەستیان لەهەموو ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر منداڵاندا دەهات و بێدەنگیان لێدەکرد، بخاتە ژێر پرسیارەوە و قەڵس و توڕەیان بکات.

وەک نموونەیەک دەتوانم باس لە یەکێک لەو چالاکیانە بکەم کە ئەویش سازدانی مەراسیمێک بوو بۆ ڕێزلێنان و نارەزایەتی دەربڕین لەدژی کوشتنی منداڵێکی ١١ ساڵان بە ناوی ئازاد ئەبوبەکر، کە ئەم منداڵانە بەسەربڕاوی لەناو قەبرەسانی شێخ محێدین فڕێدرا بوو، سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان لەدژی ئەم تاوانە گەورەیەدا کۆمەڵگای هەژاندو دەسەڵاتی میلیشیای یەکێتی بە بەرپرسانی کە تاوانباران دەست نیشان و دادگایی بکات. ئەمەو دەیان چالاکی لەمشێوەیە، لەلایەن چالاکوانانی ماندوونەناسی سەنتەری منداڵانەوە ڕۆژانە ئەنجام دەدران. هەروەها کردنەوەی خانەیەک بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت بۆ ئەو منداڵانەی کە بە هەر هۆکارێک بێت کەس و کاری پلە یەکیان لەدەست دابوو، سەرباری بێ ئیمکانی و نەبوونی هاوکاری، کردنەوەی دەیان خولی هاوینەی هونەری و سەرحاڵی بۆ منداڵان، کە ئەمە بووە هۆیەک کە بە لێشاو بەشێک لەمنداڵان و لاوان خانەی نەوجەوانان بەجێبهێڵن و ڕووله سەنتەری منداڵان بکەن، چونکە بە پێی گێڕانەوەی منداڵەکان لەوێ بە شەق و زله پەروەردە دەکران، ڕێزیان لێ نەدەگیرا، ئەمانە بەشێک بوون و هۆکارێک بوون کە مایەپوچی دەسەڵاتەکەی ینک نیشان بەن و بیخەنەژێر پرسیارەوە کە ناتوانن وەڵامدەرەوەی ماف و داخوازیەکانی منداڵان بن.

دەرکردنی بڵاوکراوەی "دنیای منداڵان"و بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی لەکۆمەڵگەدا، کە تاکە نموونەی ئەو بڵاوکراوەیە بوو پەنجەی دەخستە سەرکێشەکانی منداڵان. ئەمانە گۆشەکی زۆر چکۆلەی ئەو دەیان و سەدان کاری ڕۆژانەیە بوو کە سەنتەری منداڵانی پێی هەڵدەسا، پشت و پەناو جێ ئومێدبوو بۆمنداڵان، بەتایبەتیش بۆ ئەو منداڵانەی کە چ لە خێزان، کۆمەڵگەو خوێندنگاو شوینەکانی تردا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەیەکێک لەدەستکەوتەکانی سەنتەری منداڵان بکەم، ئەویش ئەوەبوو کە کاتێک سەنتەر نزیکەی ١٠٠ کەیسی لەسەر توندوتیژیەکانی دژ بە منداڵانی کۆکردەوە، کە هەموویان ئاسەواری لێدان و توندوتیژی به جەستەیانەوە دیار بوو. نوێنەرانی سەنتەر ئەم کەیسانەیانە گەیاندە دەستی خەسرەو مستەفا، وەزیری پەروەردەی حکومەتەکەی یەکێتی. ئەوەبوو سەرئەنجام بە بڕیارێک لێدان و توندوتیژی له دژی منداڵان قەدەغەکرا، ئەمەش زیاتر ڕووی له خوێندنگاکان بوو.



**بۆپێشەوە: هێرش بۆسەر سەنتەری منالان چی له دۆخی منالان گۆڕی؟ کاریگەری سەنتەر لەسەر هەلومەرجی منالان و مافەکانیان چۆن بوو؟**

**شێرزاد فاتیح:** پێمباشە ئەوە بڵێم کە، سەرەتای هێرشی بەعس ئاسای میلیشیاکانی ینک بەوە دەستی پێکرد کە لە ڕێگای میدیاکانیانەوە سەنتەری منداڵان وەک ڕێکخراوێک بناسێنن کە ترس و دڵەڕاوکێ لەناوخەڵک و کۆمەڵگەی کوردستاندا بڵاودەکاتەوەو، کێشەکانی منداڵان گەورە دەکات، ئەوان دەیانگووت کە سەنتەری منداڵان ڕێکخراوێکی ناشەرعییە. سەرباری ئەوەی کە ئێمە هەر لەو دەسەڵاتە میلیشیایە مۆڵەتی هەڵسوڕان و کارکردنمان پێدراوبوو. ئەم پڕوپاگەندەو درۆ و دەلەسانەشیان لە زاری دادوەرێکی بەکرێگیراو ڕیسوای خۆیانەوە بڵاوکردەوە بە ناوی "ئاراس" لە تەلەفیزیۆنی ینک وەوە بۆ خەڵکی ڕاگەیاند، کە تەنها چەند ڕۆژێکی کەم پێش هێرشەکەیان بوو بۆ سەر حزب کۆمۆنیستی کرێکاری، سەنتەری منداڵان و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان.

پاشان میلیشیاکانی یەکێتی هەڵیان کوتایە سەر بنکەی سەنتەر و کەوتنە لێدان و کوتەککاری منداڵە بێ سەرپەرشتەکانمان، کە ژمارەیان نزیکەی ٨ منداڵێک دەبوون، یەکێک لەو منداڵانە بە ناوی "سامان" بوو کە لەکاتی خۆیدا وێنەو دۆکومێنتمان لەسەری یاداشت کردووە، ئاسەواری ئازارو لێدان و ئەشکەنجەدان به جەستەیەوە دیاربوو، بەشی زۆری ئەم منداڵە بێ سەرپەرشتانە کەیسەکانیان لە دادگا بوو وە کێشەی جۆراوجۆریان هەبوو، سەنتەری منداڵان خۆبەخشانە لەڕێگەی دادوەری خۆبەخشەوە لە "دادگا" بەرگری لەو منداڵان دەکرد. پاشان هەستان بە دڕاندن و شکاندن و دزینی هەرچی کەل و پەل و ئەرشیف و مومتەلەکاتی ناوبنکەو، هەروەها دەستگیر کردن و ڕاونان و سوکایەتی کردن بە چەند کەس لە هەڵسوڕاوانی سەنتەر.

ئەم هێرشە تا ڕادەیەک بووە هۆی کپکردنەوەی دەنگێک کە ئازایانە بۆ بەرگری لەمافەکانی منداڵان هاتبووە مەیدان، ڕێگریکردن لە کاری و چالاکی سەنتەر بووە هۆی ئەوەی کە ئیتر لە هەر شوێنێک توندوتیژی لە دژی منداڵان ئەنجام بدرێت، ئەنجامدەرانی بێباک بن لەوەی کە کەس لێیان بکات بە هەراو کێشەکانی منداڵان بگەیەنێتە ناوەندە جیهانی و میدیاکان.

شتێکی تر ئەوەبوو کە ئێمە سەردان و بەدواداچوونی بەردەوامان هەبوو بۆ چەندین قوتابخانەو باخچەی ساوایان، لە هەرجێگایەک کە بمانزانیبا توندوتیژی مامەڵەی نادروست دژی منداڵان ئەنجام دەدرێت.

دەرکردنی بڵاوکراوەی "دنیای منداڵان" کە بڵاوبوونەوەیەکی بەربڵاوی لەکۆمەڵگەدا هەبوو، تاکە نموونەی ئەو بڵاوکراوەیە بوو کە پەنجەی دەخستە سەر کێشەکانی منداڵان. هێرشی میلیشیاکانی ینک هەموو ئەم دەنگە ئازادیخوازانەی کپکردو بە زەبری چەک و ملهوڕانەی بێدەنگی کردن.

لە کۆتایشدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەموو ئەم ملهوڕی و کارە بەعس ئاسایانەی ینک ئێمەی تا کۆتایی بێدەنگ نەکرد، ئێستا نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لەدەرەوەی وڵاتیش سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان یەکێک لە ڕێکخراوە بەهێزو ناودارەکانە، لە ساڵەکانی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٩ بە هاوکاری سیداو ئۆلفپاڵمەی سوید چەندین پرۆژەی بۆ منداڵان لە کەرکوک و بغداد بەسەرئەنجام گەیاند، لەدەرەوەی وڵاتیش هاوکاری و خولی هاوینەو دەیان کاری چالاکی ئەمجام دەدات بۆ منداڵان و لاوان، وە یەکێکە لە ڕێکخراوە موعتەبەر و دیارەکانی چەندین کۆمۆن لە سوید و سایتێکی هەیە کە بە پێنج زمان کارو چالاکیەکانی بڵاودەکاتەوە.
www.childiraq.com

هەروەها لە میدیا محەلییەکانیشدا دەنگ و سەدای زۆر هەیە.

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی... یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ رابەریی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی...

بەعس، گەمارۆی ئابووری، مەسەلەی کوردستان، مەسەلەی ژن، مافە مەدەنیەکان، ئاشتی عەرەبو ئیسرائیل، ئەمانە نموونەی ئەو پرسیارە گرێیانەن. حزب دەبێ وەڵام بەم پرسیارانە بداتەوە. نە لەسەر کاغەزو لە نامیلکەیەکدا، بەڵکو لە دیالۆگێکی بەردەوامو بێ پسانەوەدا لەگەڵ کۆمەڵگەو خەڵکی عیراقو ڕای گشتی نێودەوڵەتی.

٥ – نەخشەی ڕێکخراوەیی حزب. پێویستە تەرحێک بۆ سازدانو بیناکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئۆرگانە نهێنیەکانو ئاشکراکانی حزبێکی سیاسی هەبێت. لە ڕۆژنامەکانو ڕادیۆکانەوە، تا کۆمیتە شاریەکان، ڕێکخستنی چەکداریو هی تر. هەر ساڵێک دەبێ لەم نەخشەیەدا چووبینە پێش. دەبێ ئەندێشەیەکی ڕێکخراوەیی ڕوونمان هەبێت کە حزبێکی لەم بابەتە لە وڵاتیکو دەورانێکی ئاوادا دەبێ تایبەتمەندیەکانی چی بن. پێویستە کادر دروست بکەین، پەیوەندی پێکبهێنین، ڕۆتین بەدی بهینین، ئیمکانات وەدەستخەین.

٦ – ئامرازەکانی خۆدەرخستنی ئاشکراو سەرتاسەری حزب چین؟ میدیاو ڕۆژنامەو مینبەرەکانی حزب کامانەن؟ ئایا کۆمەڵگە دادەپۆشن؟

٧ – دەبێ فۆکوسە دەورەییەکان کە وەک ئامرازیکی گواستنەوە حزب لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تری باڵاتر دەگوێزێتەوە پێناسە بکرێتو جووڵانەوەی کۆمۆنیستی کرێکارییو ڕێکخستنی حزب لەسەریان کۆبکرێتەوەو ئاراستە بکرێت. مەسەلەی ژن لە کوردستانی عیراق، مافە مەدەنیەکان لە سەرانسەری عیراق، مەسەلەی گەمارۆی ئابووری، مەسەلەی ریفراندۆمو یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کوردستان، نامەشروع بوونی دەسەڵاتی بەعسو حزبە کوردیەکانو پێویستی پێکهێنانی دامەزراوەی قانونی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. ئەمانە چەند نموونەی ئەو فۆکوسانەن.

٨ – دەبێت بزانین لە هەر برگەیەکدا حزب لە چ قۆناغێک لە ڕەوتی پێکهاتنی خۆیدایە. تایبەتمەندیەکانی ململانێی حزب لەگەڵ دەوڵەتەکانو حزبە دەسەڵاتدارەکاندا پەیوەستە بەم مەسەلەیەوە. کاتێک هاوڕێیان باس لە "هێرش بۆ سەر یەکێتی" دەکەن، دەبێ ڕوون بێت کە ئەمە چۆن هێرشێکە. بۆ حزبێکی کۆمەڵایەتی خاوەن هێزو چەکدار دەکرێت ئەم هێرشە تەنانەت چەکدارانەش تێبگەین. بۆ حزبێکی چکۆلە کە هێزی چەکداری ئەوتۆی نییەو هێشتا لە قۆناغی خۆ مەترەحکردن وەک ئەلتەرناتیڤێکو پەیوەندی دروستکردنی لەگەڵ چینی کرێکارو جووڵانەوە نارەزایەتیەکاندایە، بە ناچاری "هێرش" مانایەکی تەواو جیاوازی هەیە. ئەگەر حزب تەسویرێکی لە جێگاوشوێنی خۆی لە کۆمەڵگەداو لە ڕەوتی پێکهاتنو پەرەگرتنی کۆمۆنیزمی کرێکاریی وەک حزبێکی گەورەی کۆمەڵایەتی نەبێت، ناتوانێت وەڵامی پێداویستیە پراکتیکیەکانی هەر قۆناغە بداتەوە.

باس لەم بابەتەوە زۆرەو من پاش کۆبوونەوەم لەگەڵ هاوڕییاندا هەوڵ دەدەم نووسینێکی پوختەتر ئامادە بکەم. بە بڕوای من لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ سەرلەنوێ دەستپێبکەینەوە. ئەوەی تا ئێستا کردوومانە ماتریاڵی دووبارە بیناکردنەوەیەکی بناغەییترە. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە لە ڕێکخستنەوە دەست پێ دەکەینو لە بارەگاو نووسینگەو ئەندامو ڕادیۆوە. لە حاڵێکدا دەبێت لە سیاسەتو ستراتیجو ئاسۆو کارو مەسەلەو ئەرکی کۆمەڵایەتی جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لە عیراق دەست پێ بکەینو خەسڵەتو ئەرکەکانی ڕێکخراوی خۆمان لەوێوە دەربکێشین. ئەگەر ئەم ئاسۆو ستراتیژەو ژمارەیەک کەس کە بە قووڵی باوەڕیان پێیان هەیەو پێی لەسەر دادەگرن هەبن، ئەوکاتە دەکرێت جووڵانەوەو حزبێکی بەهێز دروست بکەین، ئەگەر نەبن ئەودەم هیچ جووڵەیەکی تەشکیلاتیو ئامادەکاریەکی عەمەلی ناتوانێت بەر بە سستبوونەوەی ڕەوتی ئێمە لە عیراقدا بگرێت.

نادر" مەنسور حیکمەت، ٧ سپتامبری ٢٠٠٠

*ئاماژە بە ماوەی نێوان شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ و شۆڕشی ئۆکتۆبەرە لە هەمان ساڵدا، کە لەو ماوەیەدا حزبی بەلشەفی ئازادانەو ئاشکرا پاش ڕووخانی قەیسەر کاری سیاسی کردووە.

**وەرگێڕانی: شەماڵ علی**

## درێژەی دوا وتە

لەچوارچێوەی خۆشناو بوونی کۆمۆنیزم و رەوتی روولەپێشی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا، بۆرژوازی کورد هەراسان بوو، لە مێژووی چەندین دەهەی گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا، بۆیەکەمین جار بوو کۆمۆنیزم بەو جۆرە مۆری خۆی بدات لە رووداو واقعیەتی سیاسی کۆمەڵگە و ببێتە گوشارو مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی بۆژوازی و هێزەکانی، بۆیە وەستانەوە و بەرگرتن بەو رەوتی گەشەی کۆمۆنیزم، بووە ئەولەویەتی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و وڵاتە پشتیوانەکانیان. هێرشی چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و رێکخراوە جەماوەریی و رادیکاڵەنی، بۆ بەرگرتن بوو بەو رەوتی گەشەکردنە و بێبەشکردنی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە، لەو هێزەی بەکردەوە بەرەو ئەوە دەڕۆشت وەکو نوێنەری واقعی خۆیان هەڵی بژێرن. وە بۆ داسەپاندنی سەرکوت، بێمافیەکان، پایماڵکردنی ئازادییەکان، کوشتنی یەکجاری رێکخراوەی جەماوەری واقعی، دەست ئاوەڵاکردنی کۆنەپەرستی، خامۆشکردنی نارەزایەتی رەوای شەقام، و بیدەنگەکردنی ژنان و لاوان...تاد. هێرشیان کردە سەر حزب.

لەدوای ١٤ حەوتی ٢٠٠٠ وە، بەکردەوە کۆسپی سەرەکی و هێزی کاریگەر و لەمپەری واقعی بەردەم دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆنەپەرستی و سەرمایە، لاوازو کەنار خرا... لەوکاتەوە تاکو ئێستا هیچ هێز و حزبێکی سیاسی چینایەتی جیاواز لە خانەوادەی بۆرژوازی و کاریگەر لەگۆرەپانی سیاسی کوردستاندا، نەما... چینی کرێکار پشت و پەنای واقعی نەما و هێرش بۆسەریان زیادی کرد و بیمافیەکانیان بەرینتر بووە، پرسی خەڵکی کوردستان کرا بە دەستمایە بۆ سات و سەودا لە پیناو فیدرالیزمێکی قەومی لەگەڵ ناوەندا، لەوکاتەشەوە کەشی ئازادی وئازادییەکانی کۆمەڵگە پاشەکشەی پێکرا. ئیسلامیەکان و رەوتە سیاسیەکانیان دەرگایان بۆ والابوو بە ئارەزووی خۆیان تەراتین بکەن. ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان پاشەکشەی تەواوی پێکراو کوشتاری ژنان لە ژێر ناوی شەرەفدا بێداد دەکات و لە پەرلەمانیشدا یاسای فرەژنیان دەمەزەرد کردەوە. مناڵان پشت و پەنایەکیان نەما، ریکخراوەی جەماوەری رادیکال و جەماوەری و ئینسانی نەمان، لەجێگایدا حزبەکان ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیان قوتکردەوە، کە تابلێی کۆنەپەرست و هاوکات ریکخراوەی رتوشکردنی دزێویەکانی دەسەڵاتن و سەرچاوەیەکیشن بۆ لوشدانی داهاتی گشتی. دزی و تاڵانی بەوپەری خۆی گەیشت...

بۆیە پیش ١٤/٧ و داوی ١٤/٧ دوو واقعیەتی و تەواو جیاواز و دوو مێژووی پێچەوانەی یەکترین... مێژووی بەر لە ١٤ حەوت مێژووی بەرامبەرکێەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم و ئازادیخوازیدا لەگەڵ دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتیدا. میژووی راوەستانەوەیە بەرووی رەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامیە کریگرتەکاندا. مێژووی بەرگری لە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و لاوان و منالان و ئازادیخوازیی و ئازادییەکانە... مێژووی کرانەوەی کۆمەڵگە و ڕووهینانە بۆ رێکخراوبوون و چوونەسەری هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە، میژووی بەرامبەرکێیە بۆ چارەسەری کیشەی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی کوردایەتی... مێژووی برەودان بە ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسیە، لەبەرامبەر بە داخستنی کەشی نیمچەکراوەی کوردستاندا. میژووی بەرگری لەژنان و مافەکانیان و رزگارکردنی بەکردەوەی ژنانە لەچەقۆی پیاوسالاری و رزگارکردنیان...

لێدان لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کۆتاییهینانە بەرۆڵ و چالاکی کۆمۆنیزمی کریکاری لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا، کە کۆمەڵگەیەکە لەهەلومەرجێکی تایبەتی و نا نۆرماڵدا، کە ناکرێ کۆمۆنیستەکان تیایدا سەرقاڵی کاری رۆتینی کۆمۆنیستی بن...

دەرسێکی زۆر گرنگ کە دەتوانێت زۆر ئەزموندە بێت، ئەم لێکدانەوەی مەنسور حیکمەتە بۆ هۆکاری سەرەکی لێدان لە حزب... مەنسور حکمەت لە یاداشتێکدا بۆ رابەری حزب دەڵێت:

"...کۆمۆنیزم ناتوانێت جووڵانەوەیەکی ڕۆتینی پەراوێزی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بیت، کە وەکو حزبە بۆرجوازیەکان هەمیشە "هەن"و لە پەراوێزی چەند دەرسەدیکی ئەم کۆمەلگەیانە درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. کۆمۆنیزم لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا یان دەبێت سەرکەوێت، یان شکستی پێدەهینن، یان دەبێت پێشڕەوی بکات، یان پاشەکشەی پێدەکەن. خاڵێکی هاوسەنگیو نۆرمێکی مانەوەی چەندین ساڵەو ئاسایی بۆ کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ لە وڵاتانێکی دواکەوتوو، کە سەرکوتگەرییو رژیمی سیاسی کۆنەپەرست تیایاندا دەسەڵاتدارە، بوونی نییە. ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ڕادیکالیزمی کۆمۆنیستی دەتوانێت لە کۆمەڵگەی وەک عیراق یان کوردستانی عیراق تەلارێکی میژوویيو یەکێک لە "جێگا سەرنجڕاکێشەکان" بێت کە ساڵەها خەڵک بچن بیبینن و بینەوە، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەکرێت لە گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگەیەی ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستیی، تەبلیغو هۆشیارکردنەوەی کۆمۆنیستی وەک هەر خزمەتگوزاریەکی ناوشار، وەک ئاو و کارەباو تەلەفۆن، ساڵەها بە شێوەی رۆتینی لە بەردەستی خەڵکدا بێت، بۆچوونێکی ناواقیعییە. کۆمۆنیزم نەک بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو بە تایبەت بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی وڵاتانی وەکو ئێرانو عیراقو هاوشێوەیانەوە، بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیو بە تواناو هێزی کردەی سیاسیەوە گرێی خواردووە. کۆمۆنیزمی بێ پەیوەند بە مەسەلەی دەسەڵاتەوە، کۆمۆنیزمێک کە نەخوازێت مەسەلەی نفوزی کۆمەڵایەتی، باڵادەستی سیاسیو حاکمیەت لە ئەجێندای بە پەلەی خۆیدا دابنێت، مەحکوم بە شکستە...." **عەبدوڵا مەحمود**


**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنک و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندکۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنک و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو کیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەکرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

www.bopehsawa.net مالپەری بۆپێشەوە bopeshawa@gmail.com

دوا لاپەڕە
سالّی سێهەم، ژمارە (56) 15/7/2019

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
بێریڤان محەمەد،شوانە حەسەن، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، عەبدالرحمن رەسوڵ، سەردار عەبدوڵا، هیوا ساڵح، کاوان قادر،حەکیم میرزا، ئارام حەسەن، هەتاو عەبدوڵاهی، عوسمان قادر
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"١٤/٧/٢٠٠٠
هێرشی یەکێتی بۆ سەر کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی...

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە
سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# دوا وتە

## پێش و پاش ١٤/٧

تا چەند ڕۆژ و چەند سەعات لە ١٤/٧/٢٠٠٠ کۆمەڵگەی کوردستان، خاوەنی هێزو دەنگێکی ڕەسای جیاوازی کاریگەر لەهەموو حزب و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بوو... خاوەنی هێزێکی سیاسی، حزبێکی جیاواز بە ئامانج و نەریت و شێوەکاری ڕێکخراوەیی تایبەتی خۆیەوە کەمۆری کارو هەڵسوڕانی بەهەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی کۆمەڵگەوە دیار بوو.

بەڵی تا ١٤ حەوتی دووهەزار، هێز و حزبێکی سیاسی ناسراو و کاریگەر هەبوو، کە بێ ئەولاو لا دژی نابەرابەری ئابوری و ستەمی چینایەتی و خوازیاری کۆمەڵگەیەکی خاڵی زوڵم و نابەرابەری بوو... لەدڵی خەبات و کێشمەکێشی چینایەتیدا ئامادەیی هەبوو. بەرگری لە ماف و داخوازییەکانی کرێکاران و هەوڵدانی بۆ ئاسۆدارکردنی خەباتیان بە ئاسۆی سۆشیالیستی و ریکخراوکردنیان، تا دەگات بەبەرگری کردن لەماف و داخوازییە رۆژانەیەکانیان و باش کردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران، تیکۆشانی نەسرەوتوی ئەو هێزو حزبە بوو.

تا ١٤ حەوت بەرگری لە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگای گەرانەوە بۆ ئیرادەی راستەخۆی جەماوەری و بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازادانەی دوور لەهەرەشە و دەستێوەردانی دەرەکی، حزبێک لە پشتی بوو وە بۆی تێدەکۆشا. بەرگری لەمافی ژنان و خەبات بۆ یەکسانی ژنان و پیاوان و گۆرینی یاسا دژە ژنەکانی بەعس و لابردنی ڕێگریەکانی، مەیدانێکی تری بەرامبەرکێی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو لەگەڵ دەسەڵاتی دژە ژن و کۆنەپەرستی ئیسلامی و رەوتە سیاسیە ئیسلامیەکان. لەوەش واوەتر دەستبردنی بەکردەوە بۆ پاریزگاری لە ژنانی هەرەشەلێکراو ژێر چەقۆی پیاو سالاری پشتیوانی کردن لە سەنتەری ژنان و خانەکانی دالّدەدانی ژنان، کە ئەوانیش بە پشتیوانی کۆمۆنیزمی رێکخراو پێکدەهێنرێن. کارکردن بۆ بەرینکردنەوەی ئازادییە سیاسیەکان، وەستانەوە بەرووی داخستنی پەراوێزەکانی ئازادیدا، کە حزبە بۆرژوازییە دەسەڵات بەدەستەکان و ئیسلامیەکان بێ دریغ کاریان بۆی دەکرد و سەدان ئەمماو ئەگەریان پێوە دەلکاند و لەژێر پاراستنی ناوی مقدەسساتە قەومی و دینی و کەلتوریەکاندا، دەرگایان بەرووی ئازادیدا دادەخست. دروشمی ئازادی بیقەیدو شەرتی سیاسی درِ بەهەوڵی بۆرژوازی دەدات و دەبێتە وێری بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە و مەیدانێکی بەرامبەرکێی کۆمەڵایەتیش لە دژی بۆرژوازی و حزبەکانیدا.

وەستانەوە بەرووی ئیسلامی سیاسی و رەوتە سیاسیە بەکرێگیراوەکانیان و کۆنەپەرستانی کۆمەڵگە، مەیدانێکی گرنگی ڕوبەڕووبونەوەی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازییە لەگەل ئیسلامیەکان و حزب و لایەنە سیاسیەکانیاندا، کە کاریان سوکایەتی بە سیما جوانەکانی کۆمەڵگە، بە ژنان دەکرد و هەوڵیان دەدا سایەو دەسەڵاتی ئیسلامی و ریسا ئیسلامیەکان دابسەپێنە سەر کۆمەڵگە. منالان و مافەکانیان بەرگری سەرسەختیان لێدەکرا...

بەکورتییەکەی لەهەموو مەیدانێک و هەموو زەمینەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا حزبێک هەبوو کەهێزبەخش و پشتیوانی و تیکۆشانی لیبڕاونە بۆ ئازادی و ئازادیخوازی و بەرگری لە ئازادیی و ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و توێژە بیبەشەکانی کۆمەڵگە بوو.

هەموو ئەو تێکۆشانەو سەنگەربەندیانە لەبەرامبەر بەهێرشی دەسەڵاتی سیاسی و حزبەکانیاندا، بەدژی کۆنەپەرستی دینی و حزب و لایەنە سیاسیەکانیاندا، بەدژی نابەرابەری و دزی و تالانی و دەسەڵاتی میلیشاییدا، بەشوێنێک گەیشت هەر کەسێک لە کۆمەڵگەدا باسی ئازادی و یەکسانی و بەرابەری و یەکسانی ژن و پیاو، ریفراندۆم، بەرگری لە ناسنامەی ئینسانی کردبا، میداڵی کۆمۆنیست بوونیان لە بەرۆکی دەدا. هەر بەوهۆیەشەوە کۆمۆنیزم بووە دیاردەیەکی خۆشناو و کەسایەتیە تیکۆشەرەکانیشی خۆشەویست.

بۆ لاپەڕە 15

# ڕێکخراوی ژنانی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چالاکیەکانیدا بەردەوامە

لەدرێژەی چالاکی و کارەکانیدا بەرواری ٩/٧/٢٠١٩ ڕێکخراوی ژنانی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەراسیمی بۆ ئەو ژنانە سازکرد کە بەشداری کۆرسەکانی" زمان، کۆمپیوتەر، کار" یان کردبوو، هەر لەومەراسیمەدا کە نزیکەی ١٠٠ ژنێك بەشدار بوون، بەڵگەنامەی دەرچوون بەخشرایە ژنە دەرچووەکان...




جێگای باسە، ڕێکخراوەی ژنانی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەراست... ساڵانە چەندین کۆرش و دەوراتی تایبەتی بۆ ژنانی دەیان وڵاتی دنیا دەکاتەوە، و هاوکات بەدەم کیشەو گرفتەکانی ژنانەوە دەچێت و وەڵام بەگرفتەکانیان دەداتەوە... ئەم ڕێکخراوەیە لەلایەن ژمارەیەك لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانەوە بەڕێوەدەبرێت، کە خاوەنی ئەزمونێکی دەوڵەمەندن لە کاری ژنان و چارەسەکردنی کیشەکانیان...

# بەهەشت.

لەخەونمدا مردم
لەم دنیا بۆ ئەو دنیا
هەر خێرا هەڵیان گرتم.
کاتێک چاوانم کردەوە
بەهەشتی بەرینی خودا بوو
منی هەژار بۆی برابووم
کیژێک، بۆ بەخێرهاتنی منی
میوان
بەسەماوە بەرەو رووم هات
حەولەوەلا، لەو جوانییە
سەدانی فریو دەدا
بەنیگایە
پرچێکی رەش
رەشتر لەهەوری پێش لیزمەی
باران
دیار بوو خودا
کاتی زۆری تەرخانکردبوو
بۆ خۆلقانی جوانێکی وا
لەشەرابی دەستی ئەو جوانە
توونیەتی نەدەشکا
هەر بۆیەوەک شێت، سەرم پیوەنا
شەرابێک پڕ لەهەستی خۆشی
نە ژانەسەر و بێ تاقەتی
بەرژانی بەگیانمدا
هەستێکی خۆش هەژا
کچانی تر
بۆ خزمەتم، سەرەیانگرت
یەکێ بەسینی پڕ گۆشت
یەکێ میوەجات
یەکێ بەحەڵواوە
منی نەدیو بدی
ئەوەندەم خوارد
سکم وەک مەشکەی
پڕ دۆی لێهات
پاشان قۆڵیان گرتم
بۆ لای جۆگەی هەنگوین
بۆ پیاسە و قەدەم لێدان
لە بینینی هەنگوینی خوا
هێز گەرایەوە چاوانم
هەروەک ¤زەرقا
ئازیزانم
براواتان بێت!
کچانی دنیای خۆمان
ئەڵێی پیاون
لەچاو کچانی بەهەشتی خوا
پاش ئەمانە
کچانی رووت، بۆ جۆلانێ
خستمیانەسەر
کەوانە حەوت رەنگەکەی
پرچی ئایشێ و فاتێ
بەدەنگی ناسک پێیان دەوتم
بۆتۆی میر و نەجیبزادە
خزمەت هێشتا گەلێ ماوە
لەکۆتایی
وتم توو گەورەیی تەعالا
تێم گەیەنن
لەنهێنی و کاری خودا
بەکۆرس وتیان
چی بێ لەتۆ نهێنی بێت
دەبێت دەنگمان پێ بدەیت!
بەم نزیکانە
لەبەهەشت
ئینتیخاباتی
پەرلەمانە!

زەرقا: مەبەست لە زەرقاییەمامەیە بە هۆی بەهێزی چاوەکانی لەسەردەمی ئیسلامدا وەک دووربین بەکاریان هێناوە.
ئەم هۆنراوەی شاعیری کۆمیدی پاکستانی ئەنوەر مەسعود، بەشێوەیەکی زارەکی لەزمانی سویدییەوە وەرگێراوە و پاشان وەرگێردراوەتەسەر زمانی کوردی... وەرگێرانی سەردار عەبدوڵا... sardar2@spray.de

دوو کاری هونەرمەند سەردار عەبدوڵا






دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو 2019-7-28